# ئەمریكاو
# دەسەڵاتی كاریزما



نووسینی
نەجات نەسپیندارەیی

كوردستان ٢٠٠٢

ناوی کتێب: ئەمریکاو دەسەلأتی کاریزما
نووســـەر: ئەجات ئەسپیندارەیی
کۆمپیوتەر: رێبەر ئەجات و رێبین خۆش خوان
تـیـراژ: ٧٠٠ دانـە

سـال: ٢٠٠٢ چاپی یـەکەم
ژمارەی سپاردن ( ٣٣٨ )ی سالی ٢٠٠٢ ی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی

ئەوانەی دۆستو هاوڕێکانم چاوەڕێی ئەوەیان ئەکردبوایە کە یەکەمین بەرهەمی چاپکراوم بابەتێکی سیاسی بێت، چونکە کارو وەزیفەی من زیاتر بواری (ئەدەب)ە وەک شیعر و پەخشانو ڕەخنەو لێکۆڵینەوە، بەڵام ئەوەی پاڵی پێوەنامو هانی دام بۆ ئەم بابەتە سیاسییە ئەوەیە کە بە ڕای من ئەدیبو نووسەران دەبێ ڕۆشنبیرییەکی گشتییان هەبێو لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا شارەزا بن، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە ئەمپریالیزمو کۆنە پەرستان سەری مرۆڤ وەکو مێروولە پان دەکەنەوە، ڕۆشنبیر دەبێ چاوساغی میللەت بێو ئاگای لە هەموو ڕووداوەکان هەبێو هەڵوێستی خۆشی بەرامبەریان ڕوون بکاتەوە، لەم سەردەمە ئاڵۆزو جەنجاڵەدا ناکرێ مرۆڤی نووسەرو ڕۆشنبیر وزەو تواناى خۆی تەنها بخاتە سەر بوارێکو هەر لە قاوغی ئەدەبدا بخولێتەوەو بوارەکانی تریش فەرامۆش بکات، لەم بارو زروفەدا ڕۆشنبیران دەبێ ئاگاداری هەموو گۆڕانکارییەک بنو لە فڕو فێڵو گەمە سیاسییەکانی زلهێزانیش بێ خەبەر نەبن، هەر بۆ وەبیرهێنانەوەو شارەزا بوون لە گەمە سیاسییەکانی ئەمریکاو زلهێزەکانی تر ئەم نامیلکەیەم خستە بەر دەستی خوێنەران.

هیوادارم جێی ڕەزامەندی هەموان بێت.

نەجات ئەسپیندارەیی

٢٠٠٢/٠٩/١

هەولێر

بەشی یەکەم

# ئەمریکاو

# دەسەڵاتی کاریزما

ئەمریکا وەکو هێزێکی گـەورەو زەبـەلاح پاش جـەنگی دووەمـی جیهانی پەیدا بـوو و هاتـە مەیدانـەوە،هۆیەکەشـی ئـەوە بـوو کـە ئـەمریکا لـە گۆڕەپانی جـەنگ دوور بـوو،وە هیـچ زیـانێکی بەرنەکـەوت کـە ژێرخـانی ئـابوری و سـەربازی تێـك بـدات و ئـەپڕێوی بکات، چونکە پاش کۆتـایی هـاتنی جـەنگ و بەرقـەرار بوونـی ئاشـتی لەجیهاندا دەوڵـەتانی بەشـداربوولەجەنگ بەشێوەیەکی‌شـەکەتوو مـاندوو دەسـت بـەرداری شـەڕ بـوون و پێویـستیان بە ماوەیەکی زۆر هەبوو تـا وزەو توانایـان بێـەوە بـەرو دەزگاو دامەزراوەکانیان بنیاد بنێنەوە،ئەوەش دەرفەتێکی باش بـوو بۆ ئەمریکا وەکو هێزێکی سەرەکی پـەیدا بـبێ و کـار بکاتـە سـەر سیاسـەتی نێو دەوڵەتی‌و شان بە شانی یەکێتی سـۆڤیەت بوەسـتێت، تەنانەت بەربەرەکانێـی بکات و جـۆرە هاوسـەنگیەك لـە بـواری هێزە نێو دەوڵەتیـەکان پـەیدا بکـات، دوابـەدوای کۆتـایی هـاتنی

جەنگی دووەمی جیهانی ئەمریکا وەکو دەوڵەتێکی بەهەیبەت و خاوەن چەکی ئەتۆمی و هێزێکی سەربازی بەتواناو و ئابووری و تەکنەلۆژیایەکی پێشکەوتوو هاتە نێو گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەولەتی،بەرامبەر بەمیش یەکێتی سۆڤیەت بەخۆیو ئایدیۆلۆژیای(کۆمۆنیست)و تەکنەلۆژیایەکی دیارو خاوەن ناوچەیەکی فراوان و خاوەن چەکێکی ئەتۆمی گەورە، بەرامبەر بە ئەمریکا ڕاوەستا،بەلام لەوەی زیاتر ئەمریکای لە ڕووی سیاسی و ئابووری و سەربازیەوە بەرجەستە کرد ئەوە بوو کە ولاتانی ئەورووپای خۆرئاوا هێدی هێدی بەرەو مەداری ئەمریکادەخزان،ئەو ولاتانە هەر زوو ڕووبەڕووی مەترسی کۆمۆلیزم بوونەوەو کەوتنە خۆ بۆ دروست کردنی لەمپەربۆئەو شەپۆلە خێرایە کە بەخێرایی پەرەی دەسەند،ئەوە بوو ولاتانی خۆرئاوا سیستەمێکی بەرگریان پێك هێنا بەناوی (ناتۆ)،پاشان لە ٢٠ ی شوباتی ١٩٥٢ بە پێی بڕیارەکانی کۆبوونەوەی (لشبۆنە) ئەم پەیمانە کرا بەرێکخراوێکی سەربازی بەرفراوان و سەرکردایەتی سەربازی بۆ دیاری کرا، ئەو پەیمانە هەنگاو بە هەنگاو دەوری

یەکیەتی سۆڤیەتی تەتی و لەژێرەوە بن کۆنتڕۆڵی کرد، تا هەردەسی پێپینا،هەر لەو ڕوو بەندەدا بوو کە ئەمریکا بیری لەوە دەکردەوە بنکەیەکی سەربازی لە ڕۆژهەلات بەتایبەتی لە کەنداو دابین بکات، لە ڕاستیدا ئەمریکا لەساڵی ١٩٧٩ بەشێوەکی بەرفراوان هێزی سەربازی خۆی لە کەنداو زیاد کرد، لە هەمان ساڵدا هێزێکی لەو ناوچەیە ڕێك خست بە ناوی (قوات الانتشار السریع) بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆی لەم ناوچەیەدا،هەروەکو هنری کیسنجەر ئەو کات ڕای گەیاند (هەرکاتێ بەرژەوەندیەکانمان بکەوێتە مەترسی بەبێ دوو دڵی ئامادەین هێز بەکاربێنین) . وەلەگەڵ بەرپا بوونی جەنگی عێراق و ئێران ١٩٨٠ ئەمریکا هێزەکانی خۆی لەم ناوچەیە زیاتر کرد ئەویش بەبیانوی پاراستنی کەشتیە نەوت هەڵگرەکان، پەرەسەندنی لەمریکا لەم ناوچەیە کەبە بڕبڕەی پشتی جیهان دادەنرێ بێ دیراسە نەبوو ،هەروەکو یەکێك لە گەورە بەرپرسانی وەزارەتی بەرگری ئەمریکی ساڵی ١٩٨٨ وتبووی (ئەمریکا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە بۆ ئەوەی سیناریۆیەك دروست بکات تا لە

پەنایەوە هێزی خۆی لە کەنداو زیاد بکات و هەموو ناوچەکەبخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، ئەوە بوو دیراسەکەی سەد دەر سەد سەرکەوت و رژێمێکی وەك عێراقی ساویلکەو کورت بینی دۆزیەوە تا سیناریۆیەکەی خۆی پێ جێبەجێ کرد،ئەوەبووبالوێزی ئەمریکا لە بەغدا چاوی بە سەرۆکی عێراق کەوت و پێی راگەیاند کە ئەمریکا چاوپۆشی لەهەر کارێکی سەربازی دەکات گەر عێراق بیەوێ کوێت بخاتەوە سەر ولاتەکەی خۆی، سەرۆکی عێراق بە فیتەی ئەمریکا بە ئاسانی لە خشتە چوو و کوێتی داگیر کرد،داگیر کردنی کوێت دەسکەوتێکی گەورە بوو بۆ ئەمریکا، یەکەم ئەو هاوپەیمانی و یەك ریزیەی کە ولاتە عەرەبیەکان بەتەما بوون دژی ئیسرائیل پێکی بێنن لەسەرێك هەلوەشایەوەو بوو بە ناکۆکی، تا ئێستاش هیچ دەولەتێکی بیانی نەیتوانیوە وەکو صدام حسین تۆوی دوبەرەکی و ناکۆکی لە نێو عەرەبەکاندا بچێنێ،

دووەم هیچ بیانوو و بەربەستێك نەما بۆ هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچەی کەنداو،ئەمریکا توانی هاوپەیمانیەتێکی نێودەولەتی پێك بێنێ و

خۆشی سەرپەرشتی بکـات،سـتراتیژیەتی ئـەمریکا لـەو ناوچەیـەدا خۆی لەم خالانەی خوارەوە دەبینێتەوە.

١ -دەسـت بە سەراگرتنی سەرچاوەکانی پترۆڵ

٢-دەسـتەمۆکردنی سـەرکردە عەرەبـەکان و پاراسـتنی کورسـی دەسەلاتیان.

٣-هاریکاری کردنی ئیسرائیل لە بواری تەکنـەلۆژیای سـەربازی نوێ،چونکـە ئیـسـرائیل سـەنگەری پێشـەوەی ئەمریکایـە لـەم ناوچەیەدا.

٤-لـەبەر یەك هەلوەشاندنەوەی بەرەی ناو خۆی هەر ولاتێـك کـە پەیڕەوی سیاسـەتی ئەمریکا نەکات.

٥-بەستنی پۆندی سیاسی و سەربازی لـەگەڵ ولاتانی ناوچەکـەدا، وەك پەیمانی کامب دیڤد کە خەریکن فراوانتری بکەن،

هەروەها پەیمانی نێوان تورکیاو ئیسـرائیل بێگومان تورکیا شوێنێکی ستراتیژی لەرادەبەدەر گرنگە بـۆ ئـەمریکا، چونکـە ئـەم ولاتـە هەردوو کیشوەری ئاسیاو ئەوروپا پێکەوە گـرێ دەدا، لەلایـەکی تریشەوە ڕێگەیەکە بۆ گەیاندنی ولاتـانی (نـاتۆ) بەدەوڵەمـەندترین

ناوچەی جیهان کەناوچەی کەنداوە، هەرسەبارەت بەناوچەی کەنداو (نایزنهاوەر) لەسەرەتای پەنجاکانەوە رتوویەتی (هیچ شوێنێکی ستراتیژی لە جیهاندا نی یە هێندەی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست بەتایبەتی کەنداو بایخدار بێت)، لەمە جگە لەوەی تورکیا نزیکترین هێلی ستراتیژی یە لە روسیاوە، لێرەدا دەتوانین مەبەستی ئەمریکا لەچەند خالێکدا کۆبکەینەوە.

١- دانانی بەرنامەیەکی ئابووری درێژخایەن تا روسیا خەریك بکات بەکاروباری ئابووری ناوخۆوە، لەلایەکی تریشەوە روسیا ناچار بکات کە زیاتر بایەخ بەبەرنامەکانی کوشتوکاڵ و پیشەسازی بدات وە بایەخدانی لەبواری سەربازی کەم بکاتەوە.

٢- دانانی بەرنامەیەکی ئابووری و سەربازی درێژخایەن بۆ ئەو ولاتانەی کە ئادوێنیٚ لەفەلەکی سۆڤیەت دەخولانەوە.

٣- بەستنی چەندین پەیمان و رێککەوتنی دوو لایەنی لەگەڵ ولاتانی سەربەسۆڤیەتی پێشوو.

٤- کۆنترۆڵ کردنی وڵاتانی ناوچەکە بۆلەوەی ڕژێمەکانیان بتوانن بەئاسانی بەرپەرچی سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن و بزافە ئیسلامی‌یەکان بدەنەوە.

٥- درێژکردنەوەی هێزی سەربازی و سیاسی لە ناوچەکەدا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ هەر سەرهەڵدانێکدا کەبەرژەوەندی ئەمریکا بخاتە مەترسی‌یەوە، جاران ئەمریکا پشتی بە شای ئێران بەستبوو لەوێوە چاودێری دەخستە سەر ناوچەکە، بەڵام ئێستا دەستی لە ئێران براوە بۆیە زۆر گرنگی بە هاوپەیمانە نازیزەکانی ئەدا وەك میسرو سعودیەو تورکیا، زاڵبوونی ئەمریکا بەسەر نەوتی ناوچەکەدا توانای ئەوەی پی‌بەخشی کە نەوت وەك فشاری بەکاربێنێ دژی‌ئەو وڵاتانەی کە نەوت زۆر بەکار دەبەن، ئەمریکا لە ڕێگەی چەندین پرۆژەی جیا جیا وەك کۆمەك و یارمەتی ئابوری و سەربازی بەبیانووی پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە، وای لە وڵاتانی ناوچەکە کرد کە بە سنگ فراوانی‌یەوە ئامێری بۆ بکەنەوەو ملکەچی داخوازیەکانی بن، کاتێ کە عەرەب نەیتوانی کێشەی عێراق و کوێت لە چوارچێوەیەکی عەرەبی‌دا چارەسەر

بکات، ئەو کاتە بۆ هەموو کەس ڕوون بۆوە کە دام و دەزگا عەرەبیەکان وەك(جامیعەی عەرەبی و ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو) چەند ناوێکی بۆش و بێ مانان و هیچیان لەباردا نیە، چونکە نەك هەڵوێستێکی یەکگرتوویان نەبوو، بەڵکو خۆیان بوونە گەرەسەی جێبەجێ کردنی نەخشەو پیلانەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا، لێرەدا ڕاستیەك هەیە دەبێ بزانین لەمەریش ئەوەیە، کە ئەو دەوڵەتە عەرەبیانەی بانگهێشتی سوپای بێگانەیان کرد بۆ سەر گەلی عێراق هەر ئەو عەرەبانە بوون کە کاتی خۆی لەگەڵ سەدام دا بوون و یارمەتیان دەدا تا هەموو گەلی عێراق بەتایبەتی گەلی کورد وەك مێروله پان بکاتەوە، ئەوەی کە دەوڵەتە عەرەبیەکان کردیان کە بریتی بوو لە ڕاکێشانی ئەمریکا بۆ ناوچەکە بووە ماکێکی ڕەش بە تێوچاوانیانەوە، بێگومان ئێستا وڵاتانی کەنداو وەها دەستەمۆ بوونە بۆ ئەمریکا کە هیچ وزەو توانایان نەماوەو ناتوانن بەبێ فەرمانەکانی ئەمریکا هەنگاوێك باوێن ،کە ئەمەش ئەو پەڕی لەرزۆکیو بێ توانایان نیشان دەدات و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕەسەنایەتیو نەریتە مرۆییەکانیان لەدەست دەدەن، لەسایەی

بێهێزیو پەرتەوازەیی وڵاتانی ناوچەکە ئێستا ئەمریکا بۆتە ئەو هێزەی کە هیچ کەسو وڵاتێ ناتوانێ لە بڕیارەکانی دەربچێ و سەرپێچی فەرمانەکانی بکات،لەسەر ئاستی جیهانیشدا ئەمریکا بۆتە ئەو خاوەن هەیبەتە کە هیچ گۆڕانکاریەك سەرناگرێ ئەگەر لەگەڵ ڕێبەرو بەرژەوەندی ئەو نەگونجێ، هەروەك جارێکیان شالیاری بەرگری ئەمریکی لە کۆلێژی (ویست بۆیند) گووتبووی (ئەمڕۆ لە جیهاندا هیچ هێزێ نیە لەگەڵ هێزو توانای ئەمریکا بەراورد بکرێ هەروەها هیچ دەوڵەتێك نیە لەسەر تەختەی زەوی بتوانێ شان لە شانی ئەمریکا بدا، بۆیە ئێمە بەئاسانی دەتوانین هەرچی بمانەوێ لە دنیادا ئەنجامی بدەین) . ئێستا دەتوانین بڵێین ئەمریکا بۆتە ئەو دەسەڵاتە کاریزمایەی کە هەموو دنیا کەوتۆتە ژێر ڕکێفی خۆیو بەئارەزووی خۆی هەڵگێرو وەرگێڕی پێ دەکات و هیچ وڵاتێکیش ناتوانێ لەدەرەوەی چوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکا ئازادانە کاربکات، دەبێ ئەو ڕاستیەش بزانین کە ئەمریکا شەڵ کوێرم و بەبێ لێکۆڵینەوە وبەبێ ڕای گشتی ئەمریکی هەنگاوێك ناوێت، لەهەر شوێنێکی جیهاندا هەر هەنگاوێك بهاوێ

ئەوە ئالقەیەکەو بەسراوەتەوە بە زنجیرەی هەموو ڕووداوەکان. هەروەکو کێشەی ئەوروپاو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و مەسەلەی فەلەستین و کێشەی کوردو کێشە جیاجیاکانی تر. کەهەمووی لەگەڵ یەکدا لە سیاسەتی ئەمریکا گرێ دراون و ناتوانرێت لێک جیا بکرێنەوە، ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەك ئامادە نییە هەنگاو بهاوێ ئەگەر قازانجی خۆی سەد دەر سەد تێدا نەبێ. بەلکو حەز دەکا ئەو کێشەیە هەربە بەستەلۆکی یاخود بێ چارەسەر لە قاوغی خۆیدا بخولێتەوە، بۆیە ئێستا هەموو کێشەو گیرو گرفتەکانی جیهان سەرەداوەکانیان لەدەست ئەمریکایەو لەوێوە دەجولێنرێن و ئەوەی حەزی پێ بکات چارەسەرێکی بۆ دەدۆزێتەوە کە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی خۆیدا بگونجێ و ئەوەی حەزیشی پێ نەکات هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

# گلۆبالیزەیشن

چەمکی گلۆبالیزم (العولمة) پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ساردو ڕووخانی بلۆکی سۆشیالیزمی بەشێوەیەکی بەرفراوان کەوتە سەر زاران و بایەخێکی زۆری پێدەدری، لەلایەن سیاسەتمەدارو نووسەرو ڕۆشنبیران زۆر باسی لێوە دەکرێو موشت و مڕی زۆری لەسەرە، خەڵکانێك هەن رابیردەکەنەوە کە ئەو پێشکەوتنەی لەبواری تەکنەلۆژیو ئابووریو سیاسیو ڕۆشنبیریو فەرهەنگییەوە بەرپابووە مۆرکی گلۆبالیزمی بەخۆوە گرتووەو وەك هەڵکەوتێك بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا سەپێنراوەو هیچ کۆمەڵگایەك ناتوانێ خۆی لێ دوور بخاتەوەو شوورە بەدەوری خۆی بکێشێ، گلۆبالیزم (العولمە) زاراوەیەکە، واتا پرۆسەی لێکچوون و یەکبوونی جیهانە لەڕووی ئابووریو کۆمەڵایەتیو کلتورییەوە.بۆیەکەم جار ئەم زاراوەیە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەکارهێنرا، بۆیە هەندێك وای بۆ دەچن کە مانای سیستەمێکی جیهانی نوێیەو هاو مانایە لەگەڵ سەپاندنی شێوەی ژیان و سیستمی ئابووریو کۆمەڵایەتیو ئایدۆلۆژی ئەمریکا ، واتا

بەئەمریکا کردنی جیهان، لەراستیدا مێژوو ئەوەمان بۆ دەردەخا کە لە رابردووشدا ئەم هەوڵە هەبوە بۆ بەجیهانی کردن. لەبنەڕەتیشدا مەبەستەکە دەست بەسەرداگرتنی جیهان بووە لەلایەن دەوڵەتێکی بەهێزەوە، بۆسەرخستنی ئەم هەوڵەش هەموو جۆرە توندو تیژیەو پڕو پاگەندەیەك بەکاربراوە، بۆ نمونە ئەو شەڕو پەلامارانەی کەلە رابردوودا بەرپا بووە هەر بەمەبەستی دەست بەسەرداگرتنی جیهان بووە، بەڵام چونکە توانایان سنووردار بووە لەجێگایەك دا وەستاون،چونکە هەوڵ و تەقەلایان لەرێگەی سەربازییەوە بووە بۆیە سەرنەکەوتوون، ئەمڕۆ گلۆبالیزم وا خۆی نیشان ئەدا کە تەنها لە ڕووی ئابوورییەوە گرنگی هەیەو بایەخێکی ئەوتۆ بەلایەنە سەربازییەکەی نادرێ،ئێستا گلۆبالیزم (عەولەمە) لەڕووی ئابوورییەوە هەژموونگەری خۆی بەسەر جیهاندا سەپاندووەو کاریگەری تەواوی هەیەو لە بوارە سیاسیی و سەربازییەکەی زیاتر بەرفراوان بووەو خۆی سەپاندووە، ئێستا هەموو کارگەو کۆمپانیا گەورەکانی جیهان لەم سەری دونیاوە بۆ ئەو سەری دونیا دەتوانن لەماوەیەکی کەمدا پەیوەندی بەیەکەوە

بکەن و کەل و پەل بەیەکتر بفرۆشن و بکڕن، ئێستا بازرگانەکان دەتوانن بەمۆبایل یاخود بە ئەنتەرنێت لەولاتە دوورەکانەوە پەیوەندی بەکۆمپانیاکانەوە بکەن و ئەوەی مەبەستیان بێت بیکڕن و هاوردی (استیراد) بکەن و بێ ئەوەی ئەو دەست و ئەو دەست بکات ڕاستەوخۆ یەکسەر بەدەستیان بگات، لەم حالەتەشدا ئیش و کار بۆچینی هەژار کەم دەبێتەوە، ڕۆژێك دادێ ئەو ئیش و کارە سادانەی کە هەیە بۆ چینی هەژار ئەویش نامێنێت، بۆ نمونە ئێستا مامەڵەچی هەیە لەولاتانی دراوسێدا کەل و پەل دێنێ بۆ کوردستان، ئەم کەل و پەلە دێتە ناوچە سنوریەکان لەوێشەوە بە ولاخ ناودیوی دەکەن، تا دەگاتە شوێنی خۆی دەیان دەست دەکات و هەریەکەو بەجۆرێك سودی لێ دەبینێ، بەلام ڕۆژێك دادێ ئەوش نامێنێ چونکە شت لە کۆمپانیاکانەوە یەکسەر یەکدەست دەگاتە کڕیار، واتا ئەو دەرفەتە نامێنێ بۆکابرای هەژار بچێ لەو دیو سنورەوە باری ولاخێك کەل و پەل بێنێ‌و قازانجی لێ بکات، لەسایەی گلۆبالیزمدا بارو گوزەرانی خەلك زۆر سەخت دەبێ، چونکە هەرچی کارو پیشە هەیە دەکەوێتە دەستی

پارەدارەکان، کۆمەڵگە دابەش دەبێ بەسەر دوو چینداو یاخود کۆمەڵانی خەڵك دەبنە دوو چین ، چینێکی بۆرژوازی و چینێکی رەش و ڕوت، چینی یەکەم دەوڵەمەندو بالا دەست هەرچی پارەو پول هەیە هەرچی مامەڵەو بازرگانی هەیە دەکەوێتە دەست ئەوان و لە بەختەوەرترین ژیاندا دەژین، چینی دووەمیش هەژارو بێ دەسەلات زۆر بەزەحمەت نانی ڕۆژانە پەیدا دەکات، بێ گومان گلۆبالیزم (العولمە) وەکو ڕەشەبایەك زەرەر بە بەروبوومی هەژاران دەگەیەنێ لە هەموو وڵاتاندا، لە ئەمریکاو چەند وڵاتێکی تر بەملاوە هیچ گەل و وڵاتێك سودبەخش نابێت، هەندێك لە نیشانەکانی بە ئەمریکا بوونی جیهان دەرکەوتوون و بە زەقی دیارن، ئێستا لە هەموو جیهاندا کڕین و فرۆشتن بە دۆلاری ئەمریکی دەکرێت ، وە کۆمپانیا ئەمریکیەکان لە هەموو جیهاندا بالا دەستن و جۆرجۆری ئابووریان خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، هەروەها کلتوری ئەمریکی لە هەموو جیهاندا بالا دەستەو لە گەڵ بیرو ڕای خەڵکاندا تێکەڵ بووەو کاریگەری خۆی هەیە ، هەروەها لە ڕوی سیاسیشەوە هیچ ڕێککەوتنێك یاخود هیچ بۆندێك لە

جیهاندا بەبێ ڕەزامەندی ئەمریکا سەرناگرێ و دەبێتە بلقی سەر ئاو، ئەگەر دوو حیزبی بچووك یان دوو عەشیرەت لەم بەری دنیادا بەشەڕ بێن یان ئاشت ببنەوە دەبێ بەسەرپەرشتی ئەمریکا بێت. دەنا هەوڵەکانیان سەرناگرێ هەندێك پێیان وایە بە جیهانی بوون بۆتە دیفاکتۆ و دەبێ بەبێ گرێ بچینە ژێر چەترییەوە، هەر گەل و ولاتێك لەم شەمەندەفەرە دابڕێ ئەوا شوێنەواری ڕەش دەبێتەوە، بەلای هەندێکی تریش بەجیهانی بوون تەنها شەپۆلێکی ئابووری سەرمایەدارییەو بۆ خۆ سەپاندن و کۆنترۆڵ کردنی سەرمایەی دنیایە، لەم ڕێگایەشەوە داگیر کردنی کلتووریی و فەرهەنگی و شارستانی و هەموو لەوانی دیکەش دەستبەر دەبن، تا دەگاتە ئەوەی دنیا دەبێتە ولاتێکی گەورەی بێ سنوور، ئێستا لە ولاتانی جیهانی سێیەمدا ئەمریکا دەیەوێت کلتوورو فەرهەنگی خۆی بسەپێنێت، لەبەرامبەر ئەوەشدا هەندێ ولاتی ئەورووپی هەمن کێبڕکێی ئەمریکا دەکەن بۆ ئەوەی کلتووری خۆیان بەسەر جیهانی سێیەمدا بسەپێنن بەتایبەتی ئینگلیز و فەرەنسا، چونکە لە چەرخی گلۆبالیزمدا زمانی ئینگلیزی ئامادە باشی هەیە بۆ ئەوەی خۆی

وەك زمانێكی جیهانی بەرجەستە بكات، بێگومان فەرەنساش كەخاوەن مێژوویەكی دوورو درێژو شارستانیەتێكی كۆنە بەتوندی دژایەتی ئەوە دەكات كە زمانی ئینگلیزی ببێتە زمانی گلۆبالیزم،لەڕاستیدا دیاردەی بەجیهانی بوون كە ئەمڕۆ لەئارا دایە هەندێك لایان وایە كەلەدوای هەرەسی شورەوی هاتۆتە ناو ناوان، یاخود ئەو دیاردەیە هەر لە كۆنەوە لەلایەن سیاسەتەدارانەوە وەك ڕێبازێكی ئیمپریالیزمی دەست نیشان كراوە ، بۆ دەست بەسەراگرتنی سەرچاوەكانی داهات و سەروەت و سامانی گەلانی دنیا، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە كە زلهێزێكی جیهان هەرەسی هێناو ڕێگا خۆش بوو بۆ بەرامبەرەكەی ببێتە سەرداری جیهان و بەئارەزووی خۆی دەست لە كاروباری گەلان وەربدات و بەپێی بەرژەوەندیەكانی خۆی بجوڵێتەوە، لەڕاستی‌دا پرۆسەی عەولەمە دەبێتە هۆی كەم بونەوەی دەسەلاتی گەلان و ئازادی ئابوری و بازرگانی دەوڵەتان و نەتەوە جیاجیاكانی دنیا، ئێستا گەلانی جیهان بەتەواوی كەوتونەتە ژێر كاریگەری كلتوری خۆرئاواوە، نەتەوە جیاجیاكانی جیهان كەوتونەتە بەر لێشاوی

کلتورو فەرهەنگی خۆرئاواوە، وە کلتورو فەرهەنگ و کەلەپوری خۆیان فەرامۆش کردوە، خۆرئاوا لەرێگای چەمکەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی لیبراڵ و سیستەمی نوێی جیهان و هەندێك مەفاهیمی تر توانیویەتی کلتوری خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێت بەتایەتی جیهانی سێیەم، خۆرئاواییەکان وا بیر دەکەنەوە کە هەر گەل و وڵاتێك لەدەرەوەی شارستانیەتی ئەوان دا بێت لەمەرگ نزیك دەبێتەوە، چونکە کیانەکەیان لەسەر بنچینەیەکی تەقلیدی دامەزراوەو ناتوانێت لەگەڵ ڕەورەوەی سەردەمدا بڕوات و گۆڕانکاریەکی ڕادیکالیانە بەخۆوە بگرێت، بێگومان ئەم بۆچوتەش لەلایەن گەلان و وڵاتانی جیهانی سێیەمدا ڕەت دەکرێتەوە،چونکە پرۆسەی بەجیهانی بوون دیاردەیەکی سەرمایەداریەو لەگەڵ ویست و داخوازیەکانی گەلانی پرۆلیتاریادا ناگونجێ، بەپێی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان (٣٥٨) کەس لەگەورە دەوڵەمەندانی جیهان سەروەت و سامانیان هێندەی سەروەت و سامانی (٣)ملیار کەس دەبێت لەجیهانی هەژاراندا، لەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخا کەوا گلۆبالیزم یاخود

پرۆسەی بەجیهانی بوون تەنها لەبەرژەوەندی گەورە سەرمایەداران و وڵاتە زلهێزەکان دایە،دەوڵەتە زلهێزەکان بۆ زیاتر فراوان کردنەوەی گلۆبالیزم لە رەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا چەندین چەمکی سیاسیان بۆ پشگیری کردنی هێناوەتە ئاراوە، وەك مافی مرۆڤ و دیموکراسیو لیبراڵیو مافی کەمینەکان و چەندان چەمکی دی، بێگومان ئەم چەمکانە بوونەتە دەمامکی سەرمایەداری نوێ، لەوانەشە هەندێك سیاسەتمەدارو رۆشنبیر هەبن وابیر بکەنەوە کەوا پشت کردن لە گلۆبالیزم پشت کردنە لە پێشکەوتن، بێگومان ئەو جۆرە کەسانەش بەخۆیان بزانن و نەزانن کەوتونەتە ژێر کاریگەری سیاسەتە ماسلك دارەکەی خۆرئاواوە،

سەرەرای چەمکی گلۆبالیزم (العولمە) ئەمریکا بەشێوەیەکی بەرفراوان باس لە سیستەمی نوێی جیهانی دەکات، ئەم زاراوەیە زۆر لە پروپاگەندەو راگەیاندنەکانی دا بەکاری دێنێت، دەیەوێ لەم رێگایەشەوە زیاتر هەیمەنەی خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێت، ئەمریکا پێی وایە ئەو پێشکەوتنە خێرایەی کە لەبواری سیاسیو ئابووریدا روویداوە کەلۆڵزیاوە بەرپا بووەو هەستی پێدەکری مۆرکی

جیهانی بەخۆوە گرتووە، وەهیچ کۆمەڵگایەکیش ناتوانێ خۆی لەبەر ئەم شەپۆلە لابدات و دوورە پەرێز بوەستێ، هەرەسهێنانی ئەمپراتۆریەتی سۆڤیەت و کۆتایی هاتنی جەنگی سارد ڕێگای خۆش کردو ئاسۆی لەبەردەم هاتنە بوونی ئەم سیستەمە نوێیە والا کرد، هەل و مەرجی پەیدابوون و گەشەکردنی ئەم سیستەمە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆی بنەڕەتی، یەکەمیان هەرەسهێنانی کامپی سۆشیالیزم و کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، دووەمیان پێشکەوتنی زانستەکانی تەکنەلۆژیای گواستنەوەو گەیاندنی بایۆلۆژیو تەکنەلۆژیای سەربازی، زاراوەی سیستەمی نوێی جیهان بۆ یەکەم جار سەرۆکی پێشووی ئەمریکی جۆرج بۆش بەکاری هێنا کاتێ لە سەرەتای دەست پێ کردنی گەردەلوولی بیابان گوتی (ئەوەی ئێستا کەوتۆتە مەترسی وڵاتێکی بچووك نیە بەڵکو فیکرەیەکی زیندووی گەورەیە کە بریتییە لە سیستەمی نوێی جیهان) لەو ڕۆژەوە ئەمریکا هەمیشە ئەمە دووپات دەکاتەوە کە پێویستە لەسەر وڵاتانی جیهان پەیڕەوی یاسای نوێ بکەن، ئەمریکا بەم نەخشە نوێیەی توانی سیاسەتێك پەیڕەو بکات کە خۆی تیادا

سـوارچاكي مـەيدان بێـت، ئێستـا ئـەمریکا لـە رووی سیاسـیو ئابووریو سـەربازییەوە رۆڵێکـی بـەرچاو دەگـێڕێ لەجیهانداو توانیویەتی هەموو جیهان بخاتە ژێر رکێفـی خۆیـەوە. ئـەمریکا زۆر لـەبن پـەردەی یاسـای نێودەوڵـەتی و سیسـتەمی نوێـی جیهانیدا ئەنجومـەنی ئاسـایش بـۆ بـەرژەوەندی خـۆی بـەکاردێنێ. هیتلـەر نەیتوانی بەهێزی سەربازی دنیا کۆنتـڕۆڵ بکـات ، بـەڵام ئـەمریکا توانی بەهێزی سیاسیو ئابووری دنیا بخاتە ژێر دەستی خۆیو ببێـتە سەرداری جیهان، ئێستا سەردەم سـەردەمی عەولەمـەو سیسـتەمی نوێـی جیهانـە، لـەو سیسـتەمەی خۆرئـاوا ڕەنگـی بـۆ ڕشـتووەو بەردەوام خـەریکی ئامـادەکردن و پتـەوکردن و چەسـپاندنی ئـەو سیسـتەمەیە، بـەجۆرێك کەلەگـەڵ بەرژەوەندیـەکانی خـۆیدا یەکگرێتەوە، بۆ زیاتر ناسین و شارەزا بوون لەو سیستەمە پێویسـتە وریا بین و بەوریایی مامەڵە لەگـەڵ ڕوداوەکـاندا بکـەین، چونکـە ئێمەش ناوچەیەکدا دەژین لە کۆنەوە جێی بایەخی سیاسـەتمەدارانی ئەمریکا بـووە، بەتایبەتی و ئەمانەوێ بەشێکین لـەو خۆرهـەڵاتی ناوەڕاستەی بەهۆی هـەموو لێکدانـەوەکان دادەنـرێ بەشـوێنێکی

گرینگ و پڕ بایەخ. بێگومان ئەمەش لەبەر دەوڵەمەندی ناوچەکەیە کەبەردەوام جێگەی مشت و مڕو بینەو بەردەی زلهێزەکانی جیهان بووە، خۆرئاوا ڕۆڵێکی دیارو بەرچاوی لەم ناوچەیەدا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دووچاری قەیرانی سیاسی بووە، چونکە وڵاتێك نی یە لەدەرەوەی سنوری خۆرئاواداین و لەستەم و بێدادی خۆرئاوا بەدوور بی، خۆرئاوا خاوەنی شارستانیەت و ڕۆشنبیری تایبەت بە خۆیەتی، ئەو شارستانیەت و ڕۆشنبیریەش بنەمای تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەر هاتوو ئەو بنەماو ڕەگوریشەیە نەناسین کەئەو شارستانیەتەی لێ پێکهاتووە مەحاڵە ئەو شارستانیەتە بناسین، پێویستە هەر لەسەرەتاوە کەئامانەوێ خۆرئاوا بناسین دەبێ بێ لایەنانە لێی بڕوانین دوور لەهەموو بۆچونێکی دوژمنکارانە، دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە خۆرئاوا چەندە شایەنی ئەوەیە دژایەتی لەگەڵدا بکرێ، هێندەش شایەنی ئەوەیە مامەڵەی دۆستانەی لەگەڵدا بکرێت، پێویستە خۆرئاوا بەهەموو ڕەهەندەکانی یەوە بناسین، ئەو کاتە دەتوانین خۆمان لە مەترسیەکانیەوە بپارێزین و لەلایەکی تریشەوە سوود لەلایەنە چاکەکانی وەربگرین، بێگومان

ئێستا دونیا بەرەو ئەوە دەچێ کە هیچ گەل و ولاتێک نەتوانێ خۆی لەبەر ڕۆشنایی عەولەمەو سیستەمی نوێی جیهان بشارێتەوە، بەلام لێرەدا کورد زۆر بە دڵەڕاوکێ دەڕوانێتە ئەو سیستەمە، چونکە لە چەندین سیستەمی مێژوویی دیکەدا کورد نەک هەر سوودمەند نەبووە بەڵکو بۆتە قوربانی ئەو سیستەمانەو کێشەکەشی هەر بەناڵۆزی ماوەتەوە، لێرەدا من نامەوێ بڵێم ئەو سیستەمە بۆ کورد هیچ هیوا بەخش نییەو با کورد شوورەیەک بەدەورەی خۆیدا بکێشێ‌و دوورە پەرێز بوەستێ، بەڵکو ئەوەی من مەبەستمە ئەوەیە کەکورد لەهەموو دەرفەتە مێژووییەکاندا سیستەمی لێکراوەو لێەگەڕاون سوودی لێ وەربگرێ، لەمڕۆش کە مرۆڤایەتی پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ کەسەدەی بیست و یەکەمە، پێویستە لەسەر ئەو ولاتانەی کە دروشمی عەولەمەو سیستەمی نوێی جیهان و دیموکراسی‌و لیبرالی و مافی مرۆڤ بەرز دەکەنەوە بەڕاستی بیرێک لە حاڵی کورد بکەنەوە، بۆئەوەی کوردیش چیتر بە زەبوونی ژیان بەسەرنەبات و ئەویش وەکو گەلانی دونیا بە ئازادی بژی.

# ڕووداوەکەی (١١)ی ئەیلول

ڕووداوەکەی (١١)ی ئەیلولی(٢٠٠١) کە بریتی بوو لە تەقاندنەوەی هەردوو باڵەخانەی پنتاگۆن و سەنتەری بازرگانی جیهانی لە نیویۆرك و واشنتۆندا کە بووە هۆی کوژرانی نزیکەی (٥٠٠٠) کەس، جەوهەری مەسەلەکانی گۆڕی و گۆڕانکاریەکی خێرای بەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی داهێنا،زۆربەی ولاتانی جیهان بە ولاتە زلهێزەکانیشەوە ئەوانەی بنەمای فکری و ئایدۆلۆژیشیان لە گەڵ ئەمریکا جیاوازە بە پیر هەڵمەتەکەی ئەمریکارە هاتن و چوونە نێو یەك سەنگەرو بەرەیەکیان پێك هێنا بەناوی (جەنگ لە دژی تیرۆریزم) ئەمریکا لەسەرەتادا ئەو دروشمەی بەرز کردەوە (ئەوەی لەگەڵ من نەبێ دیارە دوژمنە) بۆیە ولاتە عەرەبی و ئیسلامیەکانیش بەناچاری و (تابع الامام) وەگەڵ هەڵمەتەکەی ئەمریکا کەوتن، ئەمریکا هەر ڕۆژێك دوای ڕوداوەکە بەبێ لێکۆلینەوەو شەلم کوێرم پەنجەی تاوانی بۆ ئوسامە بن لادن و حکومەتی تاڵیبان درێژ کرد، وەکەوتە هەوڵ دان بۆ دروست کردنی بەرەیەکی نێو دەوڵەتی دژی کۆمەڵەی قاعیدەو حکومەتی

تالیبان، وە ئەمریکا لەماوەی فەرمانڕەوایەتی باوك و کوڕێکدا توانی دوو بەرەی ئەو دەوڵەتی یاخود دوو هاوپەیمانیەتی ئەو دەوڵەتی پێك بهێنێت، یەکەمیان دژی عێراق لەساڵی (١٩٩١) داو دووەمیان دژی ئەفغانستان لە ساڵی (٢٠٠١) دا وە لەهەردوو کێشاندا سەرکەوت بەسەر بەرامبەرەکانی دا، ئەمریکا لەمێژ بوو بەدوای دەرفەتێك دەگەڕا کە بیانوویەك بدۆزێتەوەو هێرش بکاتە سەر ئەفغانستان و داگیری بکات، ئەم سیناریۆیەش وەکو سیناریۆکەی عێراق و کوێت چەندین ساڵ بوو ئیشی لەسەر دەکراو کۆمەڵێك سیاسەتمەدارو پسپۆر نەخشەو پلانیان بۆ دادەنا، لە تێڕوانینی ئەمریکادا ناوچەی کەنداو چ گرنگیەکی هەیە ئەفغانستانیش هەمان گرنگی هەیە، بوونی ئەمریکا لەناوچەیەکی ستراتیژی وەك ئەفغانستان سێ مەبەستی هەیە. یەکەمیان لە سنوورەکانی چین و ڕووسیاو وڵاتە ئەمیارەکانی تر نزیك دەبێتەوە، دەیەوێ بنکەیەکی سەربازی گرنگ لەم ناوچەیە دامەزرێنێ، دووەمیان ئەفغانستان وڵاتێکی بەناوەو سەرچاوەی ئاوی زۆری تێدایە، ئەمریکاش ئەو لێکدانەوەی کردوە کە لەدوا ڕۆژێکی

نزیکدا قات و قڕی ئاو پەیدا دەبێ‌و نرخی ئاو بەرز دەبێتەوەو دەگاتە نرخی نەوت، وەپێش بینی ئەوە دەکرێ نرخی یەك بەرمیل ئاو بگاتە نرخی یەك بەرمیل نەوت، هەروەکو جارێکیان سەرۆکی پێشووی تورکیا (تۆرگوت ئۆزال) وتبووی (عەرەبەکان بە چ نرخێك نەوت دەفرۆشن دەبێ بەهەمان نرخیش ئاو لە ئێمە بکڕن) وەئەفغانستانیش وەکو تورکیا ولاتێکی دەوڵەمەندە بۆ عەمبار کردنی ئاو بۆیە ئەمریکا دەیەوێ لە ئێستاوە کۆنترۆڵی بکات،

سێیەمیان: ئەفغانستان ببووە سەربازگەیەکی گەورە بۆ ڕاهێنان و مەشق کردنی کۆمەڵ و ڕێکخراوە بەر هەڵستکارەکانی ئەمریکا، کە ئەمەش مەترسیەکی گەورەی هەبوو بۆ سەر ئەمریکا و ئیسرائیل، خۆ ئەگەر ڕوداوەکەی (١١)ی ئەیلولیش نەبوایە دەبوایە ئەمریکا سیناریۆیەکی تر دروست بکات و ئەفغانستانی پێ تاوانبار بکات، زیرەکی ئەمریکا لەوە دایە لەناوەخۆ هیچ کارێك بەبێ پرس و ڕای کۆنگریس و ئەنجومەنی پیران ئەنجام نادات، لەدەرەوەش بەبێ پرس و ڕای هاوپەیمانانی هەنگاوێك نارێت، ئەمریکا پاش دروست کردنی هاوپەیمانیەتیەکەی دژی ئەفغانستان

لـه(٧)ی ئۆکتۆبـەری (٢٠٠١)دا هێرشـەکەی دژی ئەفغانسـتان دەست پێکردو بە هەموو توانای خۆیەوە کەوتە لێدانی ئەفغانسـتان بـە ڕۆکێتـی دوور هـاوێژو فڕۆکــەی زەبــەلاحی B52 خــاکی ئەفغانسـتانی وەکو زەوی کێـلا، کەوتـە کوشـتن و لەبـادە کردنـی خەڵکی بێ تاوان، پاش تەواو بوونی ئەرکی هـێزی ئاسمـانی ئینجـا هـێزی پیادەشـیان لــە هــەموو لاوە ڕژانـــدە نێـــو ئەفغانســـتان و بەپێشڕەوی و چاوساغی ئۆپۆزسیۆنی ئەفغانی هەر ڕۆژەو دەســتیان بەسـەر ناوچەو شارێکدا دەگـرت،کارەسـاتەکەی (١١)ی ئـەیلول زۆر شـتی نوێـی لێ کەوتـەوە، یـەکێك لەوانـە بوژانـەوەو بــەهێز بوونـــەوەی ئۆپۆزســـیۆنی ئـــەفغانی بووکەبەهاوپـــەیمانانی باکورناودەبران، ئۆپۆزسیۆنی ئەفغانی لەپاش کوژرانـــی (احمـد شـا مسـعود) شەپرێو بیـوون و لـە ڕووی سیاسـیو سـەربازیەوە زۆر لاواز بیوون و چاوەڕێی هیچیان لێ نەدەکرا، بـەلام کـە ئـەمریکاو هاوپەیمانانی جەنگیان دژی ئەفغانستان ڕاگەیاند ئەوانیش لە هەموو لا دەرکەوتن و وەپێش هێزی ئەمریکاو هاوپەیمانان کـەوتن و هـەر ڕۆژە ناوچەیەکیان دەگرت تا کۆتاییان بەحکومـەتی تاڵیـبان هێنـا،

بێگومان تاڵیبان بەرگریەکی ئەوتۆیان نەکرد کەشیاوی باس بێت سەرەڕای ئەو شوێنە سەخت و ناوچە شاخاویانەی بەدەستیانەوە بوو، تاڵیبان لەدەرەوە دوژمنیان چەند زۆر بوو لەناوەوە خۆش هێندە دوژمنیان هەبوو، هۆیەکەشی ئەوە بوو کە تاڵیبان ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵیان لەنێو جەماوەردا نەبوو، چونکە لەسەرەتای دەرکەوتنیاندا زۆر بە توندی هاتن و بەتوندی خۆیان سەپاند، ڕەوڕۆژ بەرۆژ ئەرکی سەرشانی خەڵکیان قورس دەکردو زیندەڕۆیان لە حوکم و یاسادا دەکرد، تاوای لێهاتبوو خەڵکی ئەفغانستان بەعەزرەت بوون ترووسکایەك ببینن، ئەوە بوو کە تاڵیبان شلۆقی کەوتە ناویان تیرە پشتۆنیەکان کە بڕبڕەی پشتی تاڵیبان بوون لێیان هەڵگەڕانەوەو ڕاست و چەپ کەوتنە لێدانیان، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کەوا هەر حیزب و ڕێکخراوو بزووتنەوەیەك ئەگەر ڕەگ و ڕیشەی لەنێو جەماوەردا نەبێت و پشت بەجەماوەری خۆی نەبەستێت ناتوانێ ڕووبەڕووی هەموو مەترسیەك ببێتەوەو بەرگەی مانەوە بگرێت، بەڵکو بە لاوازترین ڕەشەبا لە ڕەگەوە هەڵدەکەنرێت،هەرچەندە ئەمریکا ئەفغانستانی

داگیر کردو حکومەتی تالیبانی لەناو برد بەلام نەیتوانی تالیبـــان و کۆمەلی(قاعیدە) بەیەکجاری لەناو بباٹ و بنبڕیان بکـات، بـەلکو ئێستاو لەئایندەشدا مەترسیان هەر دەمێنێ، ئـەمریکا قـەت نـاتوانێ بەهێزی سەربازی یاخود بەچاو سوور کردنەوە دوژمنەکانی خـۆی ئەوانەی بەتیرۆریزم ناویان دەبات لـــەناویان ببـات و شـوێنەواریان بســڕێتەوە، ئـەمریکا لـەو سیاسـەتەو لــــەو هەلوێســـتەی دا زۆر بەهەلەدا چووە، چونکە هــەتا پشـت گـوێ خسـتنی مـافی گەلـە چەوساوەکان و دەسـت بەسەراگرتنی ولاتە دەست و پێ سـپیەکان لە لایەن ئەمریکاوە بەردەوام بێت، ئەوا کاری توندو تیژیو گـوڕز وەشاندن لـە ئەمریکاو بەرژەوەندیەکانی چ بەنـــهێنیو چ بەناشـکرا هەر لەزیادبووندا دەبێت،ئەمریکا گەر خەون بە جیهانێکی ئارامەوە دەبینێـت دەبێ بەجددی بیر لەچارەسەر کردنی ئەو کێشەو گرفتانە بکاتەوە کە دەبنە هۆی بەرپا بوونی کـاری تونـدو تیـژی،کێشـەی کـورد و فەلەسـتین و کشـمیر و چیچـان و هـەندێ کێشـەی تـر کەسەرەدارەکانیان لەدەستی ئەمریکادایــەو لـەوێوە دەجولێندرێـن هەتاکو چارەسـەرێکی ڕادیکالیانەیان بۆ نەدۆزرێتـەوە دنیـا نـارامی

بەخۆرە نابینێ و شەڕو بەرگریو کاری گیان فیدایی ڕۆژبەڕۆژ لەزیادبووندا دەبێت،لەزۆربەی ئەو ولاتانەی کەشەڕو ململانێیان تێدایە ئەمریکا لەژێرەوە فتیلی شەڕ خۆشتر دەکات بۆ بەرژەوەندی خۆی،یان پاڵپشتی گەلێك دەکات بۆزیادەکردن و چەوساندنەوەی گەلێکی تر، لەلایەکی ترەوە ڕێك و کینەی پیرۆزی گەلان بەرابەر بەئەمریکا لەوەدایە کەئەمریکا بەدوو پێوەر کێشەکان هەڵدەسەنگێنێ، بۆنمونە لەدوو کلاوڕۆژنەوە سەیری کێشەی کورد دەکات، لەلایەکەوە پاڵپشتی خۆی بۆ کێشەی کوردستانی باشور دەردەبڕێ کە چوار ملیۆن کەس دەبێت، لەهەمان کاتیشدا کوردستانی باکور کە نزیکەی پانزە ملیۆن کەس دەبێت کێشەکەی پشت گوێ دەخەن و حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی بەتیرۆریست وەسف دەکات، ئەمەش ستەمێکی گەورەیە کەلەسەردەمی ئازادیو مافی مرۆڤ و دیموکراسی لیبرالی پانزە ملیۆن کەس مافیان پشت گوێ بخرێتو تەنانەت مافی ئەوەیان نەبێت بەزمانی زگماکی خۆیان قسە بکەن،هەمو کارێکی خراپ کاردانەوەیەکی توندو تیژی دەبێت،

حکومەتە داگیرکەرەکانی ئەو ناوچەیەش چ ئەوانەی خاکی کوردیان داگیر کردووە چ ئەوانەی خاکی فەلەستینیان داگیر کردووە، بە جۆرەها شێوە هەوڵ دەدەن گەلی ژێر دەستی خۆیان لەناو ببەن و مۆرکی نەتەوایەتییان بسڕنەوە.بۆیە ئەو گەلانەش مافی خۆیانە بەهەر شێوەیەك بێت بەرگری لەخۆیان بکەن و لێنەگەڕێن داگیرکەران لەسەر خاکەکەیاندا بەئارامی پشوو بدەن و لەوسەر بۆ ئەم سەر فۆشەی تێدا بکەن.ئەمریکاو بەکرێگیراوەکانی لەهەموو کاتێکی ڕابردوو زیاتر کەوتوونەتە جوجوڵ بۆ لەناوبردن و نیادە کردنی هەموو ئەو حیزب و بزوتنەوە و ڕێکخراوانەی کە بنەمای فکرو بیرو بۆچوونیان لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکاو جولەکەدا ناگونجێ، زۆر حیزب و ڕێکخراوی شۆڕشگێڕو ئازادی خواز هەن لەجیهاندا کەلەپێناوی ڕزگاری گەل و وڵاتەکەیاندا خەبات دەکەن و تێدەکۆشن ،ەخەبات و تێکۆشانەکەیان لەسنورێکی یاسایی دایە، بەلام ئەمریکاو جولەکەی زایۆنی دوور لەهەموو عورفێکی دیپلۆماسی بەشێوەیەکی ناڕەوا بەتیرۆریزم ناویان دەبەن و لەبەردەم ڕای گشتی جیهاندا ناوبەدیان دەکەن و ڕابردوویان دەشێوێنن، لە

هەر كۆنو فۆزێنكى جيهاندا ئەگەر بزافێكى ئيسلامى يان ڕێكخراوێكى ئازادى خواز هەبێ ئەوا يەكسەر جوولەكە تۆمەتى تيرۆريان دەخاتە پاڵ خۆ ئەگەر لە مەوداى مێژووشەوە تەماشاى ئەم دياردەيە بكەين بۆمان دەردەكەوێ كەوا كارى تيرۆرو تيرۆريستى هەر پيشەى جوولەكە بووە، وە ئەو دياردەيە واتا دياردەى تيرۆر مێژووى سەرهەڵدانى دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمى پێش ميلاد، هەروەها لە سەردەمى ئيمپراتۆريەتى ڕۆم دا تاقمێك جوولەكە هەبوون چەقۆ يان خەنجەرى بچووكيان لەبەر پشتێنى خۆيان دەنا، كارو پيشەيان گێرەشێوێنىو ئاژاوە نانەوە بوو، ئەو جوولەكانە لە ڕۆژانى جەژنو ئاهەنگو ديلان دا دەچوونە شوێنى قەڵەباڵغو بەدزىو لە ناكاو چەقۆ يان خەنجەريان لە زگى يەكێك دەداو دەيانكوشت، پاشانيش لەگەڵ خاوەن تازيەكە شينو ڕۆرۆيان دەكرد، بێگومان ئەمەش كارى جولەكەيە، وە كارى تيرۆرو تيرۆريستى وەكو دياردەيەكى دزێوو ناشيرين لە بنچينەدا هەر لە داهێنانى جوولەكەكان بووە، ئێستاش لوبى جولەكە لەهەموو سەنتەرێكى بڕيار بەدەستدا سەنگى خۆى پەيدا كردووە

دەتوانێ بەنارەزووی خۆی کار بکاو ئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندی خۆیدا بگونجێ سەقامگیری بکات و ئەوەی لەبەرژەوەندی خۆشی دانەبێ بزری بکات، بێگومان جولەکە هەرلەسەردەمی حەزرەتی موساوە (د. خ) پیشەیان بریتی بووە لەتێکدان و ئاژاوە نانەوە و گێرەشێوێنی، لەهەر شوێنێك ڕووناکایی‌یەکیان بەدی کردبێ ویستویانە فووی لێبکەن و بیکوژێننەوە، لەداتیشتوانی سەر ڕووی زەوی‌دا لەرەگەزی جولەکە پیسترو بەدترو چاوچنۆکترو فێڵبازتر پەیدا نابێت،هەمیشە هەوڵ دەدەن بۆدەست بەسەرا گرتنی ئەوەی کەهەیەو خەون دیتن بەو شتانەی کە نی‌یە،هەروەها لەڕووی سێکس و بەدنەخلاقی و ڕابواردنەوە دەستێکی بالایان هەیەو توانیویانە لەنێو زۆربەی گەل و ولاتاندا تارادەیەك کاربکەنە سەر ڕەوشتی چینی گەنج و هەرزەکارو بەهۆیان بکەن، بۆ ئەوەی خەیاڵی جنس پەرستی وەها مێشکیان داگیر بکات ئاگایان لە ئێستاو ئایندەی خۆیان نەمێنێ و هەست بەئێش و ئازاری گەلە چەوساوەکانیان نەکەن، ئەوەش سیاسەتێکی ترسناکەو لە زۆربەی ولاتە عەرەبی و ئیسلامی‌یەکاندا کاریگەری خۆی پەیدا کردووە،

ئێستا لەزۆربەی ولاتە عەرەبی یەکاندا زۆربەی ئافرەتە بەرەڵایەکان ئەوانەی لە(نادی سێکس) دا کاردەکەن جولەکەن و پیشەیان بەدئەخلاق کردنی جیهی گەنجانە. سەرکردە عەرەبەکانیش ئەو باروەدۆخەیان زۆر پێ خۆشە بۆئەوەی گەنجەکانیان لەنێو زەلکاوی سێکس دا نقوم بن و لەنێو قاوغی جنس پەرستی دا بخولێنەوەو هەست بەهیچ کەم و کوڕیەك نەکەن و بێ ئاگابن لەدونیای دەرەوە، بالێرەدا زۆر لەباسەکەمان دوور نەکەوینەوەو بێینەوە سەر کرۆکی مەبەستەکەمان کەڕووداوەکەی (١١)ی ئەیلولە، ڕوداوەکەی (١١)ی ئەیلول ئاسۆیەکی فراوانی لەبەردەم جولەکەدا کردەوە، یاخود هەلێکی زێڕینی بۆ ئیسرائیل ڕەخساند کەوا لە سایەی هەڵمەتی جەنگ دژی تیرۆریزم دا هێرش بکاتە سەر ناوچە فەلەستینیەکان و بەبیانووی تێکدانی ژێرخانی تیرۆر و لەناوبردنی تیرۆریستان، لەبەر چاوی ولاتە عەرەبی و ئیسلامیەکان و هەروەها لەبەرچاوی هەموو دونیا خوێنی ژن و منداڵ وپیر و گەنج تێکەڵی بەکەر بکات و سەدان ماڵ ویران بکات، سەرەڕای ئەو هەموو کوشتن و بڕینە کەچی ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوە

یەکگرتووەکان وەکو شەیتانی کەڕو لاڵ ورتەیان لەدەمەوە نەهات و جورئەتی ئەوەیان نەبوو تەنها کارتێکی سوور بەئیسرائیل بدەن، سەرەڕای ئەوەش کاری بەرگری و خۆبەخت کردن و فیداکاری فەلەستینییەکانیان بەئیرزورو گێرە شێوێن لەقەڵەم دا، هۆیەکەشی ئەوە بوو کە هەندێك بزوتنەوەو ڕێکخراوی ئیسلامی ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەریان هەبوو لەو بەرگری و خۆبەخت کردنەدا، لەم حاڵەتەشدا یاسر عەرەفات و قیادەی فەلەستینی کۆنترۆڵی باروەزخەکەیان پێ نەدەکراو نەیاندەتوانی ڕێگە بگرن لەمو کردە گیان فیدائیانەی کە ڕێکخراوە ئیسلامییەکان و کەتیبەکانی (شهداء الأقصى) ئەنجامیان دەدا، بۆیە ئەمریکاو ئیسرائیل بەئاگاداری چەند ڕژێمێکی عەرەبی هەستان بەدروست کردنی سیناریۆیەك، بۆهەڵەوەی شان و شەوکەتی یاسر عەرەفات لەنێو جەماوەردا بەرزبکەنەوە و متمانەی جارانی بۆ بگێڕنەوە، ئەوە بوو ئیسرائیل دەستی کرد بەهەڵمەتێکی گەورە بەناوی (سور الواقی) وەهەموو ناوچە فەلەستینییەکانی داگیر کرد، لەلایەکەوە دەستی کرد بەگرتن و کوشتنی ئەندام و لایەنگرانی حیزب و ڕێکخراوە

سـلامی یەکان و هەموو ئەوانەی ناویـان لـە لیسـتی ئیسـرائیل دا هەبوو، لەلایەکی تریشەوە چواردەوورەی یاسر عەرەفات و قیـادەی فەلەستینی یـە دەیابـە نابلوقـەداو لـەنێوان لولـەی دەبابەو یاسـر عەرەفات دا تەنها دیواریك مـابوو، ئیسـرائیل هەرەشـەی گرتـن و دورخستنەوەی یاسـر عـەرەفاتی دەکـردو ئـەمریکاش نـاوبژیوانی دەکـردن، بـەلام هـەر لـەرۆژانی یەکـەمی رووداوەکـان خـەلکی وشیارو دلسـۆز هەستیان بەشتێك کرد، هەستیان بەوە کرد کەئەمە سیناریۆیەکی دروسـت کـراوە، جولەکـەی زایۆنـی لەلایەکـەوە دەیویسـت هەرچی شۆرشگێرو فیداکار هەیەلەنێو ریزەکانی گەل دا بیانکوژێ و دەستگیریان بکـات، لەلایـەکی تریشـەوە دەیویسـت متمانە بۆ یاسر عەرەفات بگێرێتەوە، بەلام خـەلکی وشـیار زانیـان گرتن و کوشتنی کەسـانی شۆرشگێرو بەرهەلسـتکار لەلایەك و نابلوقـەدانێکی تـاکتیکی قیادەی فەلەسـتینیش لەلایـەکی تـر گەمەیەکی سیاسی یەو لە بەرژەوەندی جولەکەو بـەکرێگیراوەکانی دایە،بۆیەش لەگەرمەی رووداوەکاندا فەلەستینیەکان زیاتر دریژەیـان بە خۆبەخت کردن و کردەی گیان فیدایی دا، چـەند کردەیـەکی

گیانفیدایان ئـەنجامداو هـەموو حیسـاباتێکی جولەکـەی زایۆنیـان هەڵوەشـاندەوە، بۆیـە ئیسـرائیل کـەزانی گەمـە ساسـیـیەکەی سەرناگرێ و قیادەی فەلەستینیش ناتوانێ کۆنـترۆڵی باروودۆخەکـە بکات و داخوازیەکانی زایۆنی جێبەجێ بکات.. ئەوکاتە زیاتر پێی لەسەر ئەوە داگرت کەهەردەبێ گۆڕانکاری لەقیادەی فەلەسـتینی دا بکرێ و قیادەیـەکی نـوێ دابـنرێ کـە بتوانـێ داخوازیـەکانی جولەکەی زایۆنی جێبەجێ بکات، لێرەدا پێویستە کەمێکیش باسی (زایۆنـی) بکـەین و بزانـین وشـەی زایۆنـی لەچیـیەوە هـاتووەو مەبەستەکانی چین.

# زایۆنی

وشەی زایۆنی لە (صهیۆنی) عەرەبی وەرگیراوە. زایۆنی ناوی شوێنێکە لە نزیك (ئورشەلیم) و جولەکەکان بە پیرۆزی دادەنێن. هۆی پیرۆزیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حەزرەتی سولەیمان و موسا (د.خ) گوایا ئەو شوێنە شوێنی دابەزینی پەیامی جولەکەکان بووە، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا زایۆنی کرا بەناو بۆ ڕێکخراوێکی ڕەگەزپەرستی جولەکە بەناوی (بزووتنەوەی زایۆنی) ئەویش لەلایەن ڕۆژنامە نووسی بەناوبانگی جولەکە (هرتزل تیودر) ئەو ڕۆژنامە نووسە لەبنچینەدا خەڵکی نەمسایە، هرتزل توانی بەنامیلکەو بلاوکراوەکانی خۆی هەستی جولەکەکان بجولێنێت و زۆربەی بازرگان و سەرکردەو ناودارەکانی جولەکە لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، هرتزل هەموو وزەو توانای خۆی خستە گەڕو ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر چالاکی دەنواند، هەنگاو بەهەنگاو ڕێگای بۆ خۆش بوو تاوای لێهات لەساڵی (١٨٩٨) لە (بازل) گەورەترین کۆنفرانس بۆ جولەکەکان ببەستێ، لەو کۆنفرانسەدا نەخشەو پلانەکانی دارشت بۆ پێکهێنانی دەولەتێکی جولەکە نشین، هرتزل

لەو کۆنفرانسەدا بنەماو بنچینەو ئامانجەکانی بزوتنەوەی زایۆنی دیاری کرد. ئەو کۆنفرانسە سەرەتایەك بوو بۆ کۆچکردنی کۆمەڵ بە کۆمەڵی جولەکەکان بۆ فەلەستین بەنیازی پێکهێنانی دەوڵەتێکی یەهودی، ئەو کۆچکردنەش بەپاڵپشت و هاندانی دەوڵەتانی ئەورووپی بوو کەهیچ حیسابێکیان بۆ گەلی عەرەب نەدەکرد، ئەورووپییەکان وایان دەزانی هەر وڵاتێك لەدەرەوەی کیشوەری ئەورووپا دابێت کەلێنێکی فیکری و ژیاری تێدایە، دەبێ ئەو کەلێنە بەهێزرو ژیاری ئەوان پڕ بکرێتەوە، بۆیە ئێستاشی لەگەڵ دابێ بەچاوێکی سوك تەماشای گەلانی ئاسیا و ئەفریقیا دەکەن، پاش دامەزراندنی بزوتنەوەی زایۆنی لە لایەن (هرتزل)ەوە، ئەو ڕێبازە زیاتر فراوان بوو، وەکو چەترێك جولەکە کۆمەڵ بەکۆمەڵ لەسایەیدا کۆدەبونەوە، پاش هرتزل جولەکەیەکی تر بەناوی (کادیمی کۆهین) لەساڵی (١٩٣٢) یاداشت نامەیەکی نوسیوە، ئەو یاداشت نامەیە وەکو پرۆژەیەکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی یەهودی، کادیمی کۆهین مەبەستە سیاسیەکانی ئەو دەوڵەتە ئاشکرا دەکات کە بریتییە لە خزمەت کردنی ئیستعماری غەربی،

کادیمی کۆهێن لەو یاداشت نامەیەدا ستراتیژیەتی گشتی دەوڵەتی یەهودی نیشان دەدات، کە فراوان بوون و بەردەوام بوونی نەخشەو پیلانەکانی زایۆنی بەمەرجێکی بنەڕەتی دادەنێت کەئەو فراوان بوونە هیچ سنوورێکی بۆ نی یە، کۆهێن ئاماژە بەوە دەکاو دەڵێ (ئیسلام لەدورگەی عەرەب پەیدا بووە کە زێدی کۆنی عەرەبەکانە، وە زۆربەی گەلانی جیا جیا ئامێزیان بۆ کردەوە وەك گەلانی مالیزیا و هیند و ئەفغان و فارس و تورك و بەلقان و باکوری ئەفریقیا، جا سیاسەتی ئەورووپی گەر یەوێت لەم کۆسپ و تەگەرانە ڕزگاری بێت پێویستە لەسەری لەقۆناغی یەکەمدا گەلی عەرەب پەرتەوازە بکات، وە قۆناغی دووەمیش ئەو یەکێتی یە هەڵتەکێنێ کەلەنێوان گەلی عەرەب و گەلانی تری ئیسلامدا هەیە)

وەك لە یاداشت نامەکەی کۆهێن دەرئەکەوێ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل دوا ئامانج نی یە لە سیاسەتی فراوانخوازی بزوتنەوەی زایۆنی، بەڵکو ئامانجی سەرەکی یان دامەزراندنی دەوڵەتێکی جولەکە نشینە لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە خاك و ئاوی دەوڵەتانی دەوروپشتی خۆی دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆی.

# کورد لەکێشەی نیودەوڵەتیدا



# کورد لەکەمەی نێودەوڵەتیدا

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بوو ناسیۆنالیزم وەك بیرێکی سیاسی نوێ یاخود وەك دیاردەیەکی کۆمەلایەتی تازە فرچك گرتوو لەسەرتاسەری جیهاندا گەشەی سەند، ئەوە بوو لە ئەوروپا چەندین دەوڵەت لەسەر بنچینەی نەتەوایەتی دامەزران، هەروەها لەپاش جەنگی یەکەمی جیهان زۆربەی گەلانی سەر بەئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئازاد بوون و قەوارەیەکی سیاسیان بۆ خۆیان دامەزراند، بەلام گەلی کورد هەلێکی ئەوتۆی بۆ نەڕەخسا کە سوود لەم دەرفەتە وەربگرێتو کیانێك بۆ خۆی دابمەزرێنێت، بەدرێژایی مێژوو هیچ دەسەلاتێکی سەنتەر یاخود ئەو ولاتانەی هەریەك بەشێك لە کوردستانیان بەرکەوتووە ڕێگەیان نەداوە کە کورد خاوەنی خۆی بێت، بەلکو بەپێچەوانە هەردەم ویستوویانە کورد پاشکۆی ئەوان بێ و بەناسنامەی ئەوان پێناسە بکرێ، هەر بەم جۆرەش لە ڕووی سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە مامەلەیان لەگەلدا کردوە، جگە لەوەش هەر کاتێ شۆڕش و بزاڤێکی ڕزگاری خواز

لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا بەرپا بووبێ ئەوا سەدان ئاو و ئاتورەی خەراپیان پێوە لکاندووە وەك جیب العمیل المتمردین، تورکە کێوی، یاخی بوروەکان، نەتەوە بالا دەستەکانی عەرەب، تورك، فارس هەردەم ویستوویانە خۆیان دەسەلاتدارو کوردیش بەپەراوێز بێننەوە، کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا زیاتر لە سەد ساڵە لە خەبات و تێکۆشاندایە بو بەدی هێنانی مافەکانی خۆی بەلام لێکترازان و سەرقاڵ بوونیان بە کێشەو ململانێی نێوخۆ وای کردووە کە داگیرکەران بەئاسانی بتوانن دەستیان بەسەردابگرن، دەوڵەتە زلهێزەکانیش وەها لە کورد حالی بوون کە پرۆژەیەکی هاوبەشی بەدەستەوە نییە بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆ، زلهێزەکان وەك بلێی غەرەزێکی کۆنیان لە کورد هەبوو، هەربۆیەش لەگەڵ دابەش کردنی زەوی و زاری عوسمانی بەپێی پەیمانی (سایکس بیکۆ)ی ساڵی ١٩١٦ کوردیش کرا بەپێنج پارچەو هەر یەکەو بە ولاتێکەوە لکێندرا، بەم شێوەیە گەلی کورد دووچاری بارێکی نالەبار هاتوو چەوسانەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی بەشێوەیەکی بەرفراوان دەستی پێکرد،

هەروەها هەرجی ڕاستی‌و دروستی هەبە دەربارەی ئەو گەلە نورشی شێوان و بزربوون کرا، چ لەبارەی ولاتەکەیەوە بەسنووررو جێگاو ژمارەی دانیشتوانی، یان لەبارەی مێژوو و کەلەپووری نەتەوایەتی‌یەوە، ئاشکرایە کە کورد وەکو هەموو گەلانی ترخاوەنی ولات و زمان و ویژەو شارستانی‌یەتی تایبەتی خۆیەتی، دەولەتە زلهێزەکان کوردیان بەکۆسپێکی گەورە زانیوە لەبەردەم جی‌بەجێ کردنی تەختەو پیلانەکانیان بۆیە بڕیان لەوە کردەوە کەکوردستان دابەش بکەن بەسەر چەند ولاتێکدا، ئەوە بوو گەلی کوردیان وەکو گۆشتی خێری دابەش کرد بەسەر عەرەب، تورك، فارس، چارەنووسیان لەگەل چارەنووسی ئەو گەلانە شەتەك داو وایان کرد کە کورد مل کەچ بکا بۆ سیاسەتی گشتی ئەو دەولەتانە، ئەو دەولەتانەش لەوەتی هەن کورد بە پەراوێزو خۆیان بە خاوەن ماف دەزانن و کێشەی کوردیان بە هەلواسراوی هێشتۆتەوە، چەندین سالە کورد دەچەوسێنەوەو بەجۆرەها شێواز دەیانەوێ کورد بخەنە نێو تۆزی ڕۆشنبیری زمانی خۆیانەوە، سالەهایە کورد وەکو بەردی دامە بەکاردێنن بۆ مەرامەکانی

خۆیان. لە رۆژ ـەی پرۆتۆکـوڵ و پەیمانـــەکانی نێودەوڵــەتی دا مەسەلەی گەلی کورد جێگای باس و لێکۆڵینەوە بـووە. لەپەیمانی سیڤەردا دان بەتەواوی مافەکانی گەلی کورد نرا، کاتێ لە خــاك و زەوی عوسمانی کۆڵیەوە، برگەکانی پەیمانی سیڤەری (١٠)ی ئابی ساڵی ١٩٢٠ بەناوە دیکۆمێنتی سیاسی دادەنرێ لەســەرو بەندی کۆمەڵەی نەتـەوەکان (عصبة الأمـم)دا، پـەیمانی سـیڤەر لـەنێوان حکومەتی تورکی لەلایەك و بەریتانیاو فەرەنسـاو ئیتالیــاو ژاپـۆن و یۆنان و بەلجیکاو پۆلۆنیاو پورتوگال و رۆمانیــاو چیکۆسـلۆفاکیاو کرواتیاو ئەرمەنیاو حیجاز لەلایەکی ترەوە مـۆر کـرا، برگـەکانی ٦٢ و ٦٣و ٦٤ لـەو پەیمانـەدا تایـەت بـوون بـە کـورد، لــەو برگانەدا هاتووە کە تورکیا مافی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردەکـان دابـین بکات، پاشانیش ریفراندۆمێك ئەنجام بدرێ لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا (عصبة الأمم) کە ئـاخۆ کوردەکـان دەوڵـەتێکی سەربەخۆیان دەوێ یـاخود دەیانـەوێ لـەژێر دەســەڵاتی تورکیـادا بێننەوە، بەڵام ئەو پەیمانە هیچ کاتێ جێبەجێ نەکرا، بگرە بەپەیمانی لۆزان لە (٢٤)ی تەموزی ساڵی ١٩٢٣ هەڵوەشایەوە، پەیمانەکـە

واتا پەیمانی سیڤەر لەلایەن مزوتەمودو ڕێکخراوە ناسیۆنالیستەکان که (کەمال ئەتاتورك) ڕابەرایەتی دەکرد بە توندی ڕەتکرایەوە. ئەتاتورك وەصفی پەیمانەکەی دەکرد بەوەی (حوکمی خنکاندن بوو بەسەر تورکیادا سەپێندرا بوو) ئەوەی جێی داخە ئەتا تورك کاتی خۆی کەدژی هاوپەیمانان دەجەنگا. شارەکانی سیواس و دیاربەکر و بەتلیسی کردبووە مەلبەندی چالاکی خۆی، وە توانی ڕابەرانی کورد بەوە ڕازی بکا کەهاوکاری بکەن، تەنانەت دەیگوت ئەرکی ڕزگارکردنی تورکیا لە ئەستۆی کورد و تورك دایە، هەروەها کوردەکانی وا تەفرە دابوون کەوا مافی کورد زۆر لەوە زیاترە کەلەپەیمانی سیڤەردا هاتووە، لەهەمان کاتیشدا بەریتانیا شەریف پاشای ئاگادار کردبۆوە کە پشتگیری کورد بۆ ئەتاتورك دوا ڕۆژی کورد ئەخاتە مەترسییەوە، مەندوبی سامی بەریتانی بەکۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردەکانی دەگوت کەبەریتانیا مافی کورد پشت گوێ ناخات و بەجددی هەوڵ دەدات کیانێك بۆ کورد دامەزرێنێ.ئەو کاتیش حیزب و ڕێکخراوە کوردیەکان کەوتبوونە نێو گەمەیەکی سیاسی و نەیان دەزانی دەست بەکامە سەرە

گوریسەوە بگرن، کاتی کەمالی‌یەکان بەسەر هاوپەیمانەکاندا سەرکەوتن لەو هەموو وەعد و بەلێنانە پەشیمان بوونەوە کە بەکوردیان دابوو، وەمافی کوردیان خستە ژێر پێ، پاش ئەو گەمە ساختەکاری‌یە مەسەلەی کورد جارێکی تر کەوتەوە نێو جغزو فاوغی ناوخۆوەو مەسەلەکە بووە مەسەلەیەکی چوار دەوڵەتی‌و لەگەڵ چارەنووسی عەرەب. تورك. فارس شەتەك درا، وڵاتە زلهێزەکان هەندێ جار بەگەرمی پاڵپشتی جوڵانەوەی رزگاری خوازی کوردیان دەکرد و وەعدو بەڵێنی گەورەشیان پێدەدان، بەڵام هەرکاتێ بەرژەوەندیان لەگەڵ رەوتی ئەو جوڵانەوەیە نەگونجابوایە ئەوا یەکسەر لە بەڵێنەکانیان پەشیمان دەبوونەوە، هەروەك (جعفر باقرزۆف)ی سەرۆك وەزیرانی ئازەربایجان ی سۆڤیەتی پێشوو لە ساڵی ١٩٤٥ بە قازی محەممەدی دەوت (ئارۆزێك بەکێتی سۆڤیەت ماینت لازادی گەلی کورد داهین کراوە) هەروەها ئامۆژگاری قازی دەکردو دەیگووت (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بێ بەرهەمە وە خەباتی رزگاری خوازی کوردستان تەنها لە ژێر چەتری حیزبی دیموکراتی کوردستاندا

دەتوانی داهاتووی مسوگەر بکات) ئەوە بوو لێپرسراوانی کۆماری مهاباد بەهەموو شێوەیەك دڵی رووسەکانیان راگیر دەکرد. وەلەهەموو ماڵێکدا لەگەڵ وێنەی قازی محەمەد دا وێنەی (ستالین)یش هەڵواسرا بوو. کەچی بەتەنها بەبەڵێنی (قوام السلطنة)ی سەرۆك وەزیرانی ئێران بە رژێمی سۆڤیەت بەوەی کە ئیمتیازی نەوتی باکوری ئێرانی بداتێ لە بەڵێنی خۆی پەشیمان بووەو دوای کشانەوەی هێزەکانی لەسەر خاکی ئێراندا. راستەوخۆ رۆحانی کۆماری کوردستانی پێشکەش بە رژێمی کۆنە پەرستی ئێران کرد، مەبەستی سۆڤیەت لەناو گوڕینی (ژیانەوەی کوردستان) ئەوە بوو کەلە سیاسەتی دیلۆماسی خۆیاندا لە دەرەوە بڵێن حیزبی دیموکراتی کوردستان حیزبێکی رۆژئاوایی‌یەو لەگەڵ رەوتی کۆمۆنیستەکانی ناوچەکەو جیهاندا یەك ناگرنەوە، بۆیە لەناوبردنی زەروری ترە لە پارمەتیدانی، پارتی کۆمۆنیست لە بنەڕەتدا باوەری بە بوونی کورد نەبوو بۆ ئەوەی کێشەی چینایەتی و نەتەوایەتی کوردی لە کۆڵ بێتەوە دەیگوت کورد خاکێکی دێرینیان نییە و میللەتێکی گەڕۆکن بۆیە دەبێ

ڕاگوێزرێن بـــۆ شــوێنەجیاجیاکان. بەڵام تەمــەنی کورتــی (لینــین) بواری ئەم نەخشە ئیمپریالی‌یەی نــەدا. هــەروەها پاش ســەرکەوتنی کەمالی‌یەکان یەکێتی سۆڤیەت پاڵپشتی تەواوی خــۆی بــۆ تورکیــا ڕاگەیاند. وە لە ساڵانی ۱۹۲۰-۱۹۲۱ یەك ملیۆن ڕۆبڵی زێڕو ۳۹۰۰۰ تفــەنگ‌و ٦۳ ملیــۆن فیشــەك‌و ٥٤تـــۆپ‌و زەخــیرەو تــەقەمەنیەکی زۆری کــردە خــەڵاتی تورکیــا، وە پاڵپشــتی لــە هــەموو هێرش‌و پەلامارێکی ســــوپای تورکیــا دەکــرد بــۆ دامرکاندنــەوەی ڕاپەڕین‌و شۆڕشە یەك لــە دوای یەکــەکانی کــورد، وە لــە ســاڵی ۱۹۲۳ شێخ مەحمود سێ نامە بۆ (لینین) دەنێرێ، وە لە نامــەکاندا باسی ڕزگاری یەکێتی سۆڤیەت دەکات لە ڕزگــار کردنــی گــەلاندا، بەڵام لینین داواکەی شێخ مەحمودی خستە پشت گوێ‌و دەیگــوت ئــەم شۆڕشــە هەرچــەندە دژی ئینگلــیزە بــەڵام لــە بــەرژەوەندی سۆشیالیزمیەتی ســـۆڤیەت دا نی‌یــە، هــەروەها (ســتالین) نــەك هــەر بــاوەڕی بــە نەتــەوە بوونــی کــوردی ســۆڤیەت نــەبوو بــەڵکو بــە بۆچوونی ئەو لە هیچ شوێنێك کورد وەکــو نەتــەوە بوونــی نی‌یــە، یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لەهەموو پارچەکانی کوردســتاندا دژایــەتی

شۆڕش و ڕاپەڕینی کوردی کردووە، ئاخرین دوژمنکاری سۆڤیەت بەرامبەر بە کورد ئەوە بوو لە شۆڕشی ئەیلول دا چەك و تەقەمەنی دەدا بە حکومەتی عێراق، هەروەها شیوعی‌یەکانیشی هاندەدا کەلەگەڵ حکومەتی بەعسدا بەرە پێك بهێنن دژی شۆڕشی کورد، بەوەش ئەوەستا بەڵکو لە ساڵی ١٩٧٥ کە شەڕ دەستی پێکردەوە ٣٠٠ خەبیر و ئەفسەر و دەرەجەداری سوپای سۆڤیەت لەنێو سوپای عێراقدا کاریان دەکرد، وە ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی کردە سەربازی‌یەکانی سوپای عێراقیان دەکرد؛ تەنانەت هەموو هێرشەکانی سە ، عێراق بۆ ڕێگای سەرالیزی (هاملتۆن) بەسەرپەرشتی گەورە ئەفسەرانی سۆڤیەت بوو کە بووە هۆی گرتنی حەوزەی ڕەواندوز، یەکێتی سۆڤیەت بە خۆی و ئایدیۆلۆژیا فریۆکەکەی لەلایەکەوە پرپاگندەی ئەوەی دەکرد کە پاڵپشتی چینی پرۆلیتاریاو گەلانی چەوساوە دەکات، لەلایەکی تریشەوە هاوکاری ڕژێمە دکتاتۆرەکانی دەکرد بۆ سەرکوت کردنی بزافی ڕزگاری خوازی گەلان، هەربۆیە بەرنامەی کۆمۆنیست هەر لەکانگای خۆی دا هەرەسی هێناو بۆ هەموو دونیا دەرکەوت کە

ئەزمونێکی فاشیل بوو، هەروەها لە شۆڕشی ئەیلولیشــدا ئـەمریکا پاڵپشتی تەواوی خۆی لە جولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کــورد دەکرد. ئەمریکا لە ڕێگای ئێرانەوە پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی لە شۆڕشــی کــورد دەکــرد، وە پـەیمان و بـەڵێنی گـەورە گــەورەی بەسەرکردایەتی کورد دەدا، وە لێنەدەگەڕا سـەرکردایەتی شـۆڕش لەگەڵ حکومەتی نـاوەندی دا بگەنـە هیـچ ڕێکـەوتنێك، پاڵپشـتی کردنەکەی ئەمریکا بۆ شۆڕشی کورد هەر ئەوەندە درێژەی کێشــا تائـەو کاتـەی بەرژەوەندیـەکانی لەگـەڵ ڕێـڕەوی ئـەو شۆڕشــەدا گونجاو بوو، بەلام کاتێ بەرژەوەندی خۆی لەبارو دۆخێکــی تــردا دیتەوە ئەو کاتە دەست بەرداری شۆڕشی کــورد بــوو، ئـەوە بـوو لەساڵی ١٩٧٥ بەڕێکەوتننامەی جەزائیر خەنجـەرێکی ژەهراویـان لە پشتی کورد دا، وە خەون و خۆزگەی ملیۆنەها کەسیان زینـدە بەچاڵ کرد، پاڵپشتی کردنی ئەمریکا لە کورد بۆ ئەوە نــەبوو کـە کورد بە ئامانج بگات بـەڵکو شـتێکی بـەرژەوەند خـوازی بـوو، هەروەکو سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا (نیکسۆن) وتـووی (ئامـانج لە پاڵپشتی کردنی ئەمریکا بـۆ کوردەکـان بـۆ ئـەوە نیـیە مـافی سەربە خۆیی وەدەست بێنن چەندێك ئەوەندەی [illegible]

دۆستەکانمان دەدات وەك ئێران و تورکیا سەبەی کوردەکانی ئەویش داوای هەمان ماف دەکەن). مەلا مستەفا بارزانی پاش تێکچوونی شۆڕش لەدوا دیمانەی ڕۆژنامەوانی دا لەبارەگاکەی خۆی لە حاجی ئۆمەران لە وەلامی پرسیارێکی (گۆینتەردیشنەر) وتی (گەورەترین هەڵەی ژیانم ئەوە بوو کە متمانەی تەواوم بە ئەمریکا کرد) هەروەها

کسنجێری وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی ئەمریکا لەوەلامی ئەو رەخنەو ناڕەزاییانەی سەبارەت بەسیاسەتەکەیانەوە ئاراستەیان دەکرا دەیگوت (لە سیاسەتدا دۆستایەتی هەمیشەیی نییە بەڵکو بەرژەوەندی هەمیشەیی هەیە)، ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخا چ لەڕابردوودا یان لە ئێستاو ئایندەشدا، ئەمریکا هەرئەوەندە لەگەڵ بزوتنەوەو جولانەوەی ئازادی گەلاندا دەبێت تا بەرژەوەندی خۆی لەو جولانەوەیەدا دەبینێتەوە، کەبەرژەوەندییەکە نەما پاڵپشتی کردنەکەش نامێنێت، پاش ئسکۆکەی ١٩٧٥ ئەو چەکو

پاش نسکۆکەی ١٩٧٥ ئەو چەکو تەقەمەنی یەی کە ئەمریکا لە ڕێگای ئێرانەوە بۆ کوردی ناردبوو کە بایی (٢٥) ملیۆن دۆلار دەبوو تاسالی ١٩٧٦ لەژێر چاودێری مخابەراتی ئەمریکی مایەوە لە ئێران، پاشان بە فەرمانی (کیسنجەر) ڕەوانەی لوبنان کرا، چونکە تازە لەوێ شەڕی ناوخۆ بەرپا ببوو وە ئەمریکا دەیویست فیلی شەڕەکە خۆشتر بکات و ئەو چەکو تەقەمەنی یە بداتە لایەنێکی شەڕەکە، هەروەها سالی ١٩٨٨یش کاتێ عێراق جەنگی بۆ بەرژەوەندی خۆرئاوا دەکرد لە دژی ئێران، هەموو وڵاتە زلهێزەکان سەبارەت بە کارەساتی هەڵەبجە خۆیان کەڕو لاڵ کرد، هەر دەربارەی ئەو کارەساتە وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەیەکەم ڕادەربڕینیدا وتی (بێگومان ژمارەی کوژراوەکان لە هەڵەبجە ناگەنە دەیان قوربانی بەلام دەوڵەتی ئێران و یاخی بووەکانی کورد ئەولاشانەیان کۆکردۆتەوە کەلەشەڕی ئێران و عێراقدا کوژراون. بۆئەوەی ڕای گشتی پێچەواشە بکەن و ئەو پەیامنێرانەش گومڕا بکەن کەسەردانی هەڵەبجە دەکەن) پاشان

کەموتی کوێت، کەوتە مەترسی ئەو کاتە فلیمی هەڵەبجەیان هێنایە گۆڕێ بۆ ئاوانبار کردنی ڕژێمی عێراق، پاش شەڕی کوێت کە هیچ کاریان بە عێراق نەما هەڵەمەتی هەڵەبجەو جینۆسایدی ۱۸۰ هەزار کەسیان هێنایە گۆڕێ کەکاتی خۆی عێراق بێسەرو شوێنی کردبوون، وەك ئەوەی ئەو کارەساتانەیان ئەمڕاتی بێت و پاش ڕاپەڕین خەڵك پێیانی ڕاگەیاندبێت، گەلی کورد لەدێر زەمانەوە چەندین شۆڕش و ڕاپەڕینی کردووە، وەلەهەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیشدا داگیرکەرانی بە چۆك داهێناوە، وە داگیرکەران هەرگیز نەیانتوانیوە زەفەر بە شۆڕشی کورد بەن، بەلام هەرکاتێ ئەو شۆڕشە گەیشتبوایە ترۆپکەی سەرکەوتن ئەو کاتە ئیمپریالیزم و زلهێزەکان لە پشتەوە خەنجەریان لێدەداو هەرەسیان بە شۆڕشەکە دەهێنا، هۆیەکەشی ئەوە بوو کە کورد ئامادە نەبوو وەکو گەلانی ناوچەکە ببێتە داردەستی ئیمپریالیزم و زلهێزەکان، بۆیە لێنەگەڕاون کورد ببێتە خاوەنی خاك و وڵاتی خۆی، خاکی کوردستان خاکێکی بەپیت و بەرەکەتە بۆیە داگیرکەران هەربەکەو بە بیانوویەك چاویان تێ بڕیوە، پەرۆڵ و ناو دەور ساماتی سەرەکی

کوردستان و لەناوەندە سیاسیو ئابووری‌یەکانی جیهاندا رۆڵێکی ستراتیژی بەهێزیان هەیە، بەلام رەوشی سیاسی و جوگرافیای ناوچەکە غەدرێکی زۆری لە کورد کردووە، تاکو ئێستاش دەرفەت نەرەخساوە کە قازانجی ئەو دوو سامانە گرینگە بۆ کورد بێت، چەندین شەڕو ململانێ و قوربانی دان لە سەدەی بیستەمدا لەسەر پترۆل بەرپا بوون، کورد یەکێك بووە لە قوربانی‌یەکانی و تاکو ئێستاش حکومەتە ناوەندیەکانی ئەم ناوچەیەش لە دژی بەرهەم هێنانی پترۆلی کوردستان، کەلەمەیان شوێن بیرە نەوتەکان بەداخراوی ماونەتەوە، کوردستان جێگایەکی ستراتیژی گرینگە لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا، شوێنی جوگرافی کوردستان و ئەو هەموو شتومەکە ئابووری‌یەی کە هەیەتی وەك پترۆل و ئاو و کانگای بەردو و کشتوکاڵ و دەیان شتی تر، ئەو شتە بەنرخانە کوردستان دەخاتە بەرباس و خواس و جێی بایەخی راستەوخۆی ولاتە داگیرکەرەکان، کوردستانی باشوور کە بە پترۆل دەولەمەندە دەتوانێ چەند جاران هێندەی خەلکەکەی خۆی بەتێرو تەژی بژێنێ، بۆیە عێراق ناتوانێ هەروا بەئاسانی دەستی لێ هەلبگرێ، بەلکو عێراق

وردەوردە ناوچە پترۆلیەکان تەعریب دەکات و کوردەکان بەدەرەوە دەنێ، بەتایبەتی لە شاری کەرکوك. گومانیش لەوە دانی یە کەکەرکوك شارێکی کوردییەو دەیان بەلگەی زیندوو ئەو راستییە دەسەلمێنن، لەسەردەمی شێخ مەحمودی نەمردا، کۆمەڵێك سەرۆك خێل و هۆزی مەرداری عەرەب هاتنە لای شێخی نەمر، بۆئەوەی رێگەیان پێ بدات وەرزی هاوین لەناوچەکانی کەرکوك دا بێننەوە بۆمەرومالات بەخێوکردن،وەبەڵێنی ئەوەشیاندا پێوو بەشێخ کەوەرزی هاوین رۆیشت بچنەوە مەملەکەتی خۆیان چونکە ئەو کات عەرەب لە کەرکوك دا زۆر کەم بوو، بەلام دوای ئەوە رژێمە رەگەز پەرستە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق کەرکوك و گوندەکانی دەوروبەریان بەشێوەیەکی بەرفراوان بەعەرەب کرد. هەروەها کوردستانی باکوریش بەهۆی سامانە ئاوییەکەی جێی بایەخی تورکیایە، تورکەکان هەموو هیواو ئومێدێکیان بەروباری دیجلەو فوراتە کەسەرچاوەکەیان لەکوردستانەوەیە، دیجلەو فورات دوو روباری کوردستانین سەرچاوەکانیان لە باکوور و باشوور و رۆژهەلاتی کوردستانەوە هەلدەقولێن، پاشان دەرژێنە ناو خاکی

،هەروەها بەتایبەتی سوریاو عیراق. ئەم دوو ڕووبارە لەجوگرافیای جیهانیشدا لە ڕیزی ڕووبارە سەرەکیەکانی جیهان پێناسە دەکرێن، بۆیە لەم ناوچەیەدا ئەگەر کێشەی کورد و فەلەستین دوو کێشەی سەرەکی بن و خەڵکیان سەرقاڵ کردبێ، لەوا لێرە بەدواوە کێشەی ئاو دەبێتە گەورەترین و ئاڵۆزترین کێشەی ئەم ناوچەیەو بارو دۆخێکی ئاڵۆز دەخولقێنێ، تا ئێستا ئەگەر وڵاتانی خاوەن پترۆل زاراوەی (زێری ڕەش) یان بۆ نەوت بەکاردەهێنا ئەوا لەمەو بەدواوە وڵاتانی خاوەن سەرچاوەی ئاو زاراوەی (زێری سپی) بۆ ئاو بەکار دەهێنن، تورکەکان لەکۆنەوە بیریان لەپرۆژەیەکی گەورە لەسەر ئەو دوو ڕووبارە کردۆتەوە، بۆ بەدی هێنانی ئەو ئامانجەی کە بەرژەوەندی نەتەوەی تورك دەپارێزێ، هەربۆیە یەکەمین پرۆژەی دروست کردنی بەنداو لەسەر ڕوباری فورات لە سالی ١٩٦٦ بەناوی بەنداوی (کیبان) دەستی پێکردو لەسالی ١٩٧٤ کۆتایی پێهات، سوریاش بەپاڵپشتی سۆڤیەت لەسالی ١٩٧٦ هەستا بەدروست کردنی بەنداوێك لەسەر ڕوباری فورات بەناوی بەنداوی (تەبەق) کە لە سالی ١٩٧٥ تەواو بوو، بەلام

عێراق تـا ئێستا سەرکردەیەکی دیلۆماسی سەبوو د کەلەحەمی
باشەرۆژی ئەم گەلە دابی‌و بەر نە کەمە نـاری و کێشەی نـاو
بکاتەوە. تەنها لەگەرمەی شەڕی ئێران و عێراقدا هەستا بەدروست
کردنی بەنداوی (بێخمە) بـەلام لەڕاپەڕینەکەی ۱۹۹۱ پرۆژەکە
ما

# پرۆژەی (کاپ)

ئاو سامانێکی گرینگ و بەنرخە و سەرچاوەی بووژانەوەو گەشەکردن و بەردەوام بوونی ژیانە، هەروەها رۆڵی پەرەپێدان و بەرەو پێش چوونی شارستانییەت و خۆش گوزەرانی ژیان دەگێڕێ، قورئانی پیرۆزیش بەجوانترین شێوە پێناسەی ئاوی کردووەو دەفەرموێ (وجعلنا من الماء كل شيء حي) ئاو هێزی بوژانەوەی کشتوکاڵ و گەشە پێدانی ئابووری وڵاتانەو سەرچاوەی بەرەو پێش بردنی کارە پیشەسازیو تەکنەلۆژییەکانەو هێزی بەرجەستە کردنی ووزەی کارەباشە، کورد دەڵێ (ئاو و ئاوەدانی) بۆیە هەر شوێنێك ئاوی لێ کەم بۆوە بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەشێوێ و سەقامگیری لێ هەڵدەگیرێ، بۆیە ئاو بۆتە سەرباسی هەموو کۆڕو کۆبونەوەو گفتوگۆی نێوان وڵاتان و هەندێ جاریش وەك کارتێکی فشار بەکاردێت و کاردەکاتە سەر پەیوەندی نێوان دراوسێکان و لەبواری سیاسیدا پانتاییەکی زۆر داگیر دەکات، لەم ناوچەیەشدا گرنگترین کێشەو ململانێ کە لەنێوان تورکیاو عەرەبەکاندایە کێشەی کەم ئاوییە، ئەویش

بەهۆی دروست کردنی چەند بەنداوێك لەسەر هەردوو ڕووباری دیجلەو فورات بەناوی پڕۆژەی گاپ، پراکتیزەکردنی قۆناغ بەقۆناغی پڕۆژەی گاپ لەبەشی باکوری کوردستان ڕەنگە تاساڵی (٢٠٢٠) بخایەنێ،ناوچەی پڕۆژەکان ناوچەیەکی کشتوکاڵی یە لەڕووی پیشەسازی یەوە هەر بەدوا کەوتوویی ماوەتەوە هۆیەکەشی ئەوەیە گوایە ناوچەکە ئارام نییە کوردەکان لەو ناوچەیە لە جۆرجۆرلی هەمیشەیی دان، قۆناغی یەکەمی پڕۆژەی گاپ بریتیە لە (١٣) پڕۆژەی گەورە (٧)یان لەسەر ڕووباری فوراتەو (٦)یان لەسەر ڕووباری دیجلەیە، پڕۆژەی گاپ (٦) دەڤەری کورد نیشین دەگریتەوە کەبریتین لە (دیاربەکر و ماردین و ئادیامان و غازی ئەنتاب و سیرەت و ئورفە) کەتێکڕای ڕووبەرەکە دەگاتە نزیکەی ٩،٤٪ سەرجەمی خاکی تورکیا، هەروەکو گوتمان گاپ بریتیە لە (١٣) پڕۆژەی گەورە (٧)یان لەسەر ڕووباری فوراتەو (٦)یان لەسەر ڕووباری دیجلەیە، ئەوانەی لەسەر فورات دروست کراون بەم شێوەیەی خوارەوەن:-

١-پرۆژەی بەنداوی (ئەتاتورك) یەکێکە لە چاکترین بەنداوەکانی ئەم پرۆژەیە کەلەنزیك شاری بوزوفایە کەسەر بەپارێزگای (ئورفایە) لەدووری (١٦٠) کم لە سنوری نێوان تورکیا و سوریا دروست کراوە، ئەم بەنداوە بەپێنجەمین بەنداوی جیهان دەژمێردرێت.

٢- پرۆژەی بەنداوی (قەرەقایە) ئەم پرۆژەیە لە نزیك دیاربەکر لەسەر رووباری فورات ئەنجام دراوە.

٣- پرۆژەی فوراتی سووری، ئەم پرۆژەیە لەدوو یەکە پێکهاتووە ئەویش (بیرجیك) و (قەرەقەمش)ە و لەسەر هەردوو ویزگەی بەرهەمهێنانی کارەبا دامەزراوە.

٤- پرۆژەی (سۆرورج بازکی) ئامانجی ئەم پرۆژەیە تەنها ئاودێرییە لە ناوچەکەدا.

٥-پرۆژەی (کۆسۆ نارابان) ئەم پرۆژەیە لەساڵی ١٩٩٧ کۆتایی هاتووە.

٦- پرۆژەی (غازی عەنتاب) ئەم پرۆژەیە لە پلوێرگای غازی عەنتاب ئەنجام دەدرێ.

٧- پرۆژەی (لەدیان کەمتە).

# بەنداوەکانی پڕۆژەی گاپ لەسەر ڕووباری دیجلە

١- بەنداوی (کەرگێزی دیکل).

٢- بەنداوی (باتمان) ئەم پڕۆژەیە لە ناوچەی باتمان ئەنجام دەدرێ بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا.

٣- بەنداوی (باتمان-سلیڤان) ئەم پڕۆژەیە بۆ گل دانەوەی ئاور ئاودێری زەوی‌و زارە.

٤- بەنداوی (کارزان) ئەم پڕۆژەیە بۆ بەرهەمهێنانی کارەباو بەراو کردنی زەوی و زار ئەنجام دەدرێ.

٥- پرۆژەی (نیلۆ) ئەم پڕۆژەیە تەنها بۆ بەرهەمهێنانی کارەبایە.

٦- پڕۆژەی (جەزیرە) ئەو پڕۆژەیەش بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا ئەنجام دەدرێ.

سیاسەتی گل دانەوەی ئاو لە تورکیا بەشێوەیەکی سروشتی ڕێڕەوی خۆی گرتووە، تورکیا بەنیازە (١٤) پرۆژەی تر لەسەر ڕووباری دیجلە و فورات دروست بکات، لەئاکامدا ڕووباری

دیجلەو فوڕات بەتەواوی چلك دەبن ونەوكاتـە دوارۆژی عـێراق و سوریا دەكەونە مەترسی، گرنگترین هەوڵەكانی بازرگانی كـردن بە ئاو لـە لایەن توركیاوە پێشنیاركراوە ئەویش بۆڕیەكانی ئاشتی یە، (انـابیب الـسـلام) ئـەم پرۆژەیـە لـە لایـەن كۆمپانیـای (بـروان ئەندروۆنی) ئەمریكی دیراسەت كرا كـە ڕۆژانـە (٦)ملیـون م٣ لـە ڕووبارەكـانی سـیهانو جیـهانی توركـی یـەوە دەگەیننـــە ولاتـە عەرەبەكان بە هۆی دوو هێلی بۆڕیەوە، یەكەمیان درێـژی یەكـەی (٧٢٠٠)كـم، ٣٠٥ملیـون م ٣ ئـاو لـە ڕۆژێكـدا بـۆ ســوریاو ئوردەنو سعودیە دەگوازێتـەوەو كولفـەی ئـەم هێلـەش بـە ٨,٥ ملیار دۆلار خەملاوە، دووەمیـان بـۆڕی كـەنداو درێـژی یەكـەی (٣٩٠٠)كم لە سوریاو ئوردەن بۆ كــەنداو دەڕوات كـە ڕۆژانـە (٢,٥)ملیون م٣ ئاو بـۆ كوێـت و قەتـەر و بـەحرێن و ئیمـاراتو سەلتەنەی عومان دەگوازێتەوە، ئەم پرۆژەیەش بۆ یەكەمین جار لە سەنتەری دراسـاتی ستراتیژی دەولـی كە سەر بە زانكـۆی (جـۆرج تاون)ی ئەمریكی یە ڕاپگەیاند لـە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٨٦، بـەلام بۆچوونی عەرەبەكان بۆ ئەم پرۆژەیە ئەوەیە گوایە توركیا مەبەسـتی

گەیاندنە بە ئیسرائیل. ئەم تێڕوانینەش لە وتەیەکی مەحمود ریاز سەرۆکی پێشووی جامعەی عەرەبی خۆی دەنوێنێ کە دەڵێت: ( زۆر پێویستە تورکیا لەم هەنگاوەدا بە ئاشکرا رایبگەیەنێ کە ئاو دەدا بە ئیسرائیل ) لە لایەکی ترەوە ولاتە عەرەبیەکان ئەم پرۆژەیان رەت کردەوە لەبەر ئەم هۆیانە:

١ - چونکە ئەم پرۆژەیە پێویستی بە سەرمایەکی زۆر هەیە کە کولفەکەی ٢١ ملیار دۆلارە نرخی کارەکەشی گرانبەها دەبێ و جیاوازی نابێت لەگەڵ نرخی شیرین کردنی ئاوی دەریا.

٢ -ئاسایشی ئاوی ولاتانی کەنداو بە دەستی تورکیا دەبێ.

بەلام تورکەکان لە ستراتیژیەتی خۆیان بۆ سەرپەرشتی کردنی ئاوی رۆژهەلاتی ناوەراست ئیعتیمادێکی زۆریان کردۆتە سەر دیجلەو فورات، کەئاوی خۆیان بەنەوتی عەرەب بگۆڕنەوە، لەزۆربەی ولاتانی جیهان کەم بوونەوەی ئاو کێشەو گرفتی دروست کردووە، واش پێشبینی دەکرێ لەچەند ساڵی داهاتوو دا کێشەو گرفتی کەم ئاوی چەند شەڕوشۆڕێکی لێ بکەوێتەوە، لەم بارەیەوە ناوەندی زانیاریو لێکۆڵینەوەی (جان هاپکنز)

ڕایگەیاندووە کە کێشەی کەم ئاوی کێشەیەکی ئاڵۆزی سەدەی بیست و یەکەم دەبێ، ئەگەری ڕوودانی چەند شەڕو ململانێیەکی لێدەکەوێتەوە، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە ئەم ناوچەیە بەناوچەیەکی کەم ئاو و کەم ڕووبار بەناوبانگە، لەکاتێکا (٥٪)ی دانیشتوانی جیهان لەو ناوچەیەدایە کەچی (١٪)ی ئاوی شیرینی لێیە، بۆیە ساڵ بەساڵ کە ژمارەی دانیشتوان لەم ناوچەیە زیاتر دەبێ کێشەی قاتو قڕی کەم ئاویش مەترسیدارتر دەبێ، بۆ نموونە ئێمە لە عێراقدا دەژین بە گوێرەی مەزندەی پسپۆران تا ساڵی ٢٠٢٥ کە هەردوو قۆناغی پرۆژەی گاپ تەواو دەبن ژمارەی دانیشتوانی عیراقیش دەگاتە (٥١)ملیون کەس، جا ئەو کاتە دەبێ ڕووبەڕووی چ کێشەو گرفتێکی بێ ئاوی بینەوە، چونکە عێراق ئێستا کە ٢٥ملیون کەسە ئەو بڕە ئاوەی کە هەیە بەشی ناکات چ جای ئەوەی بگاتە قۆناغی دووەمی پرۆژەی گاپ کە تەواو بێ و ئەو بڕە ئاوەی کە هەیە ئەویش کۆتایی بێت، بەڕاستی پرۆژەی گاپ کە هەموو ئاوی دیجلەو فورات گل دەداتەوە زیانێکی مەزن بە ئابووری سوریا و عێراق دەگەیەنێ، بە

ئەمانی ئەو ئاوە ئەو دوو وڵاتە تووشی گرفتی گەورە دەبن چونکە ساڵانی پێشوو سووریاو عێراق لەبەر کەمی دانیشتوانیان ئەوەندە پێویستیان بە ئاو نەبوو، کەچی ئێستا بە پێچەوانەوە زیاتر پێویستیان بە ئاوە، بێگومان هەر عێراق‌و سووریا تووشی گرفتی کەم ئاوی نەبوونە بەڵکو زۆربەی وڵاتانی ئەم ناوچەیە ئەم گرفتەیان هەیە، وەك ئوردەن‌و لوبنان‌و ئیسرائیل‌و سعودیەو کویت‌و قەتەرو ئیمارات‌و بەحرێن، هەربۆ نموونە ئامارەکان ئەوە نیشان دەدەن کە لە ساڵی ۲۰۰۳دا وڵاتی سووریا یەك ملیار م$^3$ کەم ئاوی هەیە، ئیسرائیل (۸۰۰ملیون م$^3$) کەم ئاوی هەیە، ئوردەن (۲۰۰ملیون م$^3$) کەم ئاوی هەیە، بەردەوامیش ئاو بەرەو کەم بوونەوە دەچێ لەم وڵاتانەدا، بەڵام تورکیا دەوڵەمەندترین وڵاتی ناوچەکەیە لە ئاو کە نزیکەی (۱۸٦ملیار م$^3$) ئاوی هەیە، پرۆژەی گاپ لەسەر هەردوو ڕووباری دیجلەو فورات کەبەبڕی (۲۵)ملیار دۆلار ئەنجام دەدرێت، تورکیا دەیەوێ عەرەب پەیوەندی ئابووری‌و بازرگانی‌و ئاسایشی لەگەڵ دا ببەستن‌و ڕەنگە لە ئایندەشدا مەرجی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت، ئێمەش لە هەرێمی کوردستان کە

ئیدارەیەکی سەربەخۆمان هەیە پێویستە حکومەتی هەرێم بە جددی بیر لەو کەم ئاویو ووشکە ساڵییە بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانێ چەند بەنداوی بچوك بچوك لە چەند شوێنی جیا جیادا دروست بکات، چونکە کوردستان دەربەندو ڕووباری گەلێ زۆرە ئەگەر بەنداویان لەسەر دروست بکرێ ئەوا بەهۆی بەفرو باران ئاوێکی زۆر گلێ دەدەنەوە کە لە مەترسی کەم ئاویو وشکە ساڵی ڕزگارمان دەبێ، بێگومان هەروەکو باسمان کرد پرۆژەی گاپ کە لە ناوچە کورد نشینەکان ئەنجام دەدرێ دۆخێکی نالەبار بۆ کوردستانی باکوور دروست دەکات، چونکە تورکەکان بەبیانووی ئەم پرۆژەوە ناوچە کوردیەکان بە تورك دەکەن و کوردەکان دەگوازنەوە بۆ ناوچە هەرە دوورەکان، هەروەکو چۆن عێراق لە تەماحی نەوتی کەرکوك کوردەکانی ئەوێ دەردەکات و کەرکوك و گوندەکانی دەوروو بەری بەعەرەب دەکات،

گەلی کوردمان لەو ڕۆژەوەی خۆی ناسیوە، واتە لەو ڕۆژەوەی هەستی کردووە کە مافە نەتەوایەتی یەکانی زەوت کراوە، دەستی کردووە بە خەباتی سیاسیو سەربازیو ڕۆڵە وشیارەکانی خۆی بۆ

ئەو مەبەستە ڕێکخستووە، لەم ڕووەوە بەدرێژایی مێژوو هەر لە خەبات و قوربانیدان دابووە بە هیچ شێوەیەك لێنەگەراوە داگیرکەران و کۆنەپەرستان لەسەر خاکەکەیدا بە ئارامی پشوو بدەن و جێ پێی خۆیان خۆش بکەن، ئەگەر ئاورێك لە ڕابردوو بدەینەوە دەبینین کورد جیا لەوەی کەشەڕی داگیرکەرانی ناوچەکەی کردووە لە هەمان کاتیشدا شەڕی ئیستیعمار و زلهێزەکانیشی کردووە، بە هیچ جۆرێك ملکەچی داخوازیەکانی ولاتە ئیمپریالیستەکان نەبوو، لە هەموو گەلانی ناوچەکە زیاتر غیرەتی جولاوەو بە گژ ئیستیعمار و داگیرکەراندا چۆتەوە، وەك شۆڕشی بیست و شەڕی دەربەندی بازیان و ڕاپەڕینەکەی بەردەرکی سەرای سلیمانی و دەیان بەرگری تر، لە هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیشدا کورد کە داوای مافی ڕەوای خۆی کردووە لە هەمان کاتیشدا یەکێتی و یەك پارچەیی ئەو ولاتەی پاراستووە کە تێیدا ژیاوە :-

بۆ نموونە لە سالی ١٩٢٠ کە زۆربەی ولاتانی جیهان خەریکی ڕزگار کردنی ولاتەکانیان بوون لە دەستی داگیرکەران، کوردیش

که لە گەرمەی جەنگدا بوو بۆ پاراستنی خاکەکەی ئالەو کاتە ناسکەدا بۆ پارێزگاری خاکی عێراق و یەك پارچەیی ئەم ولاتە خوێنی خۆی تێکەڵی خوێنی عەرەب دەکرد لەنێو یەك سەنگەردا، ئەوە بوو لەشکری شێخ مەحمودی نەمر زۆر بە جورئەتەوە بەشداریان لەشەڕەکانی بەسراو کوت و عەمارەدا کردووە، لەشەرو پێکدادانێکی خوێناویدا لەگەڵ هێزەکانی بەریتانی مێژوویەکی پڕ لەسەروەریان بۆ کورد تۆمار کرد، من لەنزیکەوە هەندێ عەرەبم دیوە کە خەڵکی ناسریەو روفاعین و کاتی خۆی باوکیان لەگەڵ شێخ مەحمود بەشداری شەڕی ئینگلیزیان کردووە،ئەوعەرەبانە زۆر بەشانازیەوە باسی رۆڵی شیخ مەحمودیان دەکرد، کورد لەم ناوچەیەدا رۆڵێکی کاریگەری هەبووە شان بەشانی عەرەب و تورك و فارس لەدژی ئیمپریالیزم و زلهێزەکان جەنگاوە، بەلام کەکار گەیشتۆتە سەر ئازادی گەلان و بریاردانی چارەنووسیان ئەم سێ نەتەوانە چ حکومەتەکانیان چ خەڵکەکەی مافی کوردیان فەرامۆش کردووەو لەهەموو لایەکەوە ئابلۆقەو سانسۆریان لەسەر داناوە، لێرەدا ئەوەی جێی تێرامانە ئەوەیە

هەرگەلێك لەجێی گەلی کورد بوایە بەم شێوەیە مافەکانی زەوت بکرایەو سامانەکەی بەتالان ببرایەو سەروەری پێشێل بکرایە، بەبێ دوو دلی ئامادە دەبوو لەپێناو سەندنەوەی مافە رەواکانی خۆیو بەدەست هێنانەوەی سامانە دزراوەکەی دەست لەگەل ئیمپریالیزم و زایۆنی تێکەل بکات، بەلام کورد برایەتی لەگەل ئەم نەتەوانە (عەرەبو فارسو تورك) بەگەورەتر زانیوە، کەچی ئەم حکومەتانە ئەم هەلوێستە جوامێرانەی کوردیان بەکەم بایەخی سەیر کردووە، بەلکو دۆزی کورد لە بەرچاوی ئەوان بچوك بۆتەوە، بەلام پێویستە ئەم حکومەتانە بە جددی بیر لەچارەسەرێکی رادیکالی بکەنەوە بۆ دۆزی کورد، چونکە کێشەی کورد تا دێ بەرەو قوول بوونەوە دەچێت و هەستی نیشتیمان پەروەریو ولاتپاریزی زیاتر لەنێو ئەم گەلەدا گەشەدەکات و پەرەدەسێنێ، ئێستا دنیابەرەو ئەوە دەچێ کە مرۆڤ لەسەر ئاستی تاك و کۆمەلدا ئازاد بێو بەئازادی رای خۆی دەربرێ و بەئازادی بیر بکاتەوەو هەلوێست وەربگرێ بەرامبەر بەرووداوەکان، ئەوەش لەو کاتە دایە کەرژێمە دکتاتۆرەکان و زەوت کەرانی مافی مرۆڤ وردە وردە لەناو

دەچن و خۆریان یەرەو ئاوا بوون دەچن، کوردیش یەکێکە لەو گەلانەی کە ئاواتە خوازە کۆت و زنجیری دیلی لە دەست و پێ بکرێتەوەو ئازادانە بژێت و ئازادانە بیر بکاتەوەو خاوەن بڕیاری خۆی بێت، بەلام جێی داخە نەدەوڵەتانی دەورو بەرو نە وڵاتە زلهێزەکانیش بیر لە چارەسەرێکی بنچینەیی ناکەنەوە بۆ گەلی کوردستان. ئێستا پاش ڕوداوەکەی (١١) ئەیلولی نیویۆرك و واشنتۆن ئەمریکا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێ کێشەی فەلەستین لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا چارەسەر بکرێت، ئێستا چارەسەر کردنی کێشەی فەلەستین کەوتۆتە بەر باس و لیکۆلینەوە، ئەوەش لە ئاکامی خۆبەخت کردن و قوربانی دانی فەلەستینی یەکان بوو بەهەموو گروپەکانی یەوە، کوردیش کە چوارەم گەلی ناوچەکەیە دەیان ساڵە لەخەبات و قوربانی دان و خۆبەخت کردن دایە،پێویستە کێشەکەی وەکو کێشەی فەلەستین سەیر بکرێت و هەوڵبدرێت چارەسەرێکی عادیلانەی بۆ بکرێت، ئەگەر لەکلاو ڕۆژنەی مێژووشەوە تەماشای ئەو دوو کێشەیە بکەین، دەبینین هەردووکیان لەدایك بووی یەك بەرە بەیانن، واتا

هەردوو کیان لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە پەیدا بوون، کێشەی فەلەستین بەهۆی داگیرکردنی خاکەکەیانەوە لەلایەن جولەکەوە، کێشەی کوردیش بەهۆی دابەش بوون و داگیر کردنی خاکەکەیان لەلایەن عەرەب.تورك.فارس، وە پێویستە ولاتە ئیسلامیەکان و ولاتانی عەرەبیش هاوسەنگی لەنێوان کێشەی کوردو کێشەی فەلەستین رابگرن و بەیەك چاو تەماشای ئەو دوو کێشەیە بکەن، چونکە تا ئەو دوو کێشەیە هەردوو کیان چارەسەر نەکرێن رۆژهەلاتی ناوەراست هێمنی و ئارامی بەخۆیەوە نابینێ، هەروەها پێویستە دەولەتانی دەوروبەر وەکو عێراق و ئێران و تورکیا ئەو حەقیقەتە بزانن کە هەتا کێشەی کورد بەبێ چارەسەری بێنێتەوە ئەوا دەست تێوەردانی ئیمپریالیزم و زلهێزەکان رۆژ بە رۆژ لەو ناوچەیە زیاتر دەبێت کە لە بەرژەوەندی ئەوان و ئێمەشدا نی یە، چونکە کوردیش وەکو هەموو گەلانی ناوچەکە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو خاوەنی ولات و زمان و کلتوور و شارستانی یەتی تایبەتی خۆیەتی، ئەگەر لەمەودای مێژووشەوە تەماشای نەتەوەکان بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کەنەتەوەی کورد

مێژووی بوونی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە (٣٨) سەدە پێش لەدایك بوونی حەزرەتی مەسیح، بەڵام هەر لەپاش ڕووخانی دەوڵەتی (ماد)ەوە نەیتوانیوە دەوڵەتێکی یەکگرتوو بۆ خۆی دروست بکات، ئێستا دۆخی سیاسی کورد بەقۆناغێکی ناسکدا تێدەپەڕێ، لە تورکیا سیاسەتی تورك هێندە دڵڕەقە نەك هەر دان بەمافی کورد دانانێ بەڵکو وا نیشان ئەدا کەگەلێك نی‌یە بەناوی کورد بەڵکو ئەوانە تورکە شاخاوین، بۆیە بەرگی کوردی و قسەکردن بەزمانی کوردی قەدەغەیە، ئێستا دەرزێشەکانی ئەتاتورك بەوپەڕی درەندەیی مامەڵە لەگەڵ کورد و دۆزە ڕەواکەیدا دەکەن، وەئامادە نین بچوکترین ماف بەو گەلە هەژارە بدەن، تورکیا چەندین ساڵ بوو هەموو هەوڵ و ئەقەلای خۆی خستبووە گەڕ بۆ ئەوەی (پەکەکە) لەبەردەم ڕای گشتی جیهاندا بەهێزێکی تیرۆریست لەقەڵەم بدات، ئەوە بوو هەوڵەکەی سەری گرت و بەیارمەتی زلهێزەکان و زایۆنیزم توانی (عەبدو ڵلا ئۆجەلان) دەستگیر بکات و بیخاتە زیندانەوە، پاش ئەو ڕوداوە خەڵك چاوەڕێی دەکرد تورکیا سەبارەت بەکورد سیاسەتێکی لەجاران

باشتر پەیرەو بکات و بەشێوەیەکی تر مامەڵە لەگەڵ دۆزی کورد بکات، بەڵام ئێستا سیاسەتێکی لەجاران توندتر بەکاردێنێ و ئامادە نی‌یە مافی رۆشنبیریش بەکورد رەوابینێ. دەوڵەتە زلهێزەکانیش چونکە تورکیا سەر بەپەیمانی خۆیانە لەئاست ئەم سیاسەتە رەگەزپەرستەیدا خۆیان کەروڵاڵ کردووە، لەنێوانیشدا هەموو مافە رەواکانی کورد نکۆڵی لێدەکرێ، رە حکومەت ئامادە نی‌یە دیالۆگ لەگەڵ رێکخراو و حیزبە کوردیەکان ساز بکات، بەڵام لەکوردستانی عێراقدا بەهۆی راپەرینە مەزنەکەی (۱۹۹۱) کورد توانی نیمچە سەربەخۆیەك بەدەست بێنێ، لەراستیدا (راپەرین) تاکە فاکتەری ژیانەوەی گەلی کورد بوو، گەرتەکانێکی را گـورج و پلێنگ ئاسا نەبوایە کورد نەیدەتوانی ئەم پرۆسەی ژیانەوە ئەنجام بدات، گەر راپەرین هەروەها کۆرەوی چەند ملیۆنی نەبوایە ئەوە بە هیچ جۆرێك ئەو بارودۆخە سیاسییە بۆ کورد دروست نەدەبوو، دوای سەد ساڵ خەبات و شەری خوێناوی ئەنجومەنی ئاسایش لەساڵی ۱۹۹۱ بریاری ژمارە (٦٨٨)ی دەرکرد، پاش ئەو بریارە جارێکی تر مەسەلەی کورد کەوتەوە نێو جانتای دیپلۆماسی و

زەمینە خـۆش بـوو بـۆ گواسـتنەوەی مەسـەلەکە لـە کێشـەیەکی تەسکی ناوخۆوە بۆ مەسەلەیەکی سیاسی نێودەوڵـەتی. بـەپێی ئـەو بڕیارە چەترێکی ئارام بەناوی (پرۆڤاید کۆمفۆرت) لە ژوور هێڵـی ٣٦ دروست کرا، بەڵام کورد چ خەڵکە ئاساییەکەی و چ حیزبـە سیاسییەکان نەیانتوانی وەکو پێویست سـود لـەم دەرفەتـە زێڕینـە وەربگرن، ئەویش بەهۆی سەرقاڵ بوونیان بەشەڕی ناوخۆوە، پـاش ڕاپەڕین کوردستانی باشوور جـۆرە بوژانەوەیـەکی بـەخۆوە بینـی، وەزۆربەی دێهاتەکان ئاوەدان کرانەوەو خـەڵك دەسـتی کـرد بـە کشـتوکاڵ و پـەیداکردنی مـەڕومالاّت و بوژاندنـەوەی ڕەز و باغەکانیان، بەڵام کـە شـەڕی براکـوژی بەسـەرداهات خەڵکەکـە بەنائومێدی ڕوریـان لـە شـارەکان کـردەوە، کـە ئـەوەش زەرەرو زیانێکی زۆری بـە بنـەمای ئـابوری کوردسـتان گـەیاند، پـارتی و یەکێتی توانیان لـەماوەی چـەند مـانگێکدا شـەڕێکی سەرتاسـەری پەیدا بکەن و هەزاران گەنج بەکوشـتن بـدەن، بـەڵام ئـەوە بـۆ دە ساڵی ڕەبەق دەچێ ناتوانن ئاشت ببنەوەو پێکەوە کار بکەن، پارتی و یەکێتی چەند ساڵە ناتوانن لەسەر دابـەش بوونـی کارەبا ڕێـك

بکەون، جا چۆن دەتوانن لە ئیدارەیەکی هاوبەشدا پێکەوە کار بکەن و کاروباری خەڵك بەڕێوە ببەن .؟ ئەوەی جێی سەرنج و ئیرامانە ئەوەیە کە کورد چ لە سەردەمی میرنشینەکانداو چ لەسەردەمی حکومەتە مۆدێرنەکاندا هەر خەریکی شەڕی براکوژی و یەکتر سڕینەوە بووە، مەترسیەکەش لەوە دایە کە ئەم شەڕە نارخۆییە لەم سەردەمەدا زۆر بەگران لەسەر کورد دەوەستێ، لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە دەبێ ئاماژەی بۆ بکرێ ئەویش ئەوەیە چۆن بە هۆی ڕاپەڕینەوە گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر شێوەی خەباتی گەلی کورد دا هات و بنکەو بارەگاکانی شۆڕش لە ئەشکەوت و کونە شاخەکانەوە هاتنە ئێو شارو شەڕی پارتیزانی و چالاکی پێشمەرگە گۆڕانی بەسەر دا هات دەبوا بە هەمان شێوەش عەقلیەتی کوردو شێوەی بیر کردنەوەو هەڵس و کەوت و ڕەفتاریان گۆڕانی بەسەر دا هاتبوایە، وە حیزبەکان لە جیاتی زمانی چەك زمانی دیالۆگ و ڕاگۆڕینەوەو لێك حاڵی بوونیان پەیڕەو بکردایەو چیو پابەندی عەقلی میلیشیاری نەبوونایەو چۆن لە شاخ گردو ئەپۆلکیان لەیەکتر دەکردە سەنگەر بە هەمان شێوەش لە

شارەکان کوشتنی بالەحاسەیان لە یەکتر نەکردبوایە سەنگەر، دەبوا ڕاپەڕین ڕاپەڕین بوایە دژی ئەو عەقلە میلیشیاری یە، بەلام ئەوەش مانای وا نی یە کە کێشەی نەتەوایەتیمان تا دێ بەرەو ئاڵۆزی دەچێ، بەڵکو ئیرادەی نەتەوە دەتوانێ بەسەر ئەو دەردە کوشندەیەدا زاڵ بێ و دۆزە ڕەواکەی خۆی ون نەکات. ئێستا هەستی بەرپرسیارێتی لەناو کورد دا بەهێزەو هەموو تاکێکی کورد خۆی بەبەرپرس دەزانێ لە پاراستنی ناسنامەی نەتەوایەتی خۆی، ئێستا ئەگەر هەردوو حیزبی ئالەبا پارتی و یەکێتی ئاشتی یەکی ڕاستەقینە بەرپا بکەن و لە ئیدارەیەکی هاوبەشدا پێکەوە کار بکەن ئەوا متمانە بۆ کورد و دۆزە ڕەواکەی دەگێڕنەوەو ڕای گشتی جیهانیش بە جۆرێکی تر دەڕوانێتە کێشەکەمان، هەروەها دەتوانین بە بازووی هەمووان دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین بپارێزین، چونکە ئەگەر ڕاپەڕین نەبوایە ئەو دەرفەتە زێڕینە بۆ کوردستانی باشوور نەدەڕەخسا کە ببنە خاوەنی حکومەت و پەرلەمان، ڕاپەڕین و کۆڕەو کێشەی کوردیان چەند قۆناغێك بەرەو پێشەوە برد، بەلام خەونی کورد زۆر لەوە گەورەترە کەلەدەستکەوتێکی

ناوادا جێگـای بیبێتـەوە، ئەگـەر زیـاتر فـراوان نـەکرێو بتچیـنەو بنەماکانی دانەڕێژرێن. ڕاپەڕین و کۆڕەو باشترین هەڵیان ڕەخسـاند بۆ وەدی هێنانی مافـە ڕەواکـەمان، ڕاپـەڕین وەڵامێکـی ڕاسـت و دروست و شۆڕشـگێڕانە بـوو بـۆ ئـەو ڕژێمـە دکتاتۆرانـەی کـە دەیانەویست کورد هـەتا هەتایە بەپاشـکۆیەتی بمێنێتـەوە، ڕاپـەڕین ئەوەی سـەلماند کـە گـەلی کـورد خـاوەنی مـافێکی ڕاستەقینەیەو دوژمنانیش ناتوانن نکوڵی لێ بکەن، ڕاپـەڕین ئـەوەی سـەلماند کـە کێشـەی کـورد زەقـترین و لەبەرچاوترین کێشـەی سیاسـی ناوچەکەیەو ئەو کێشەیەش لە ئـەنجامی داگـیر کردنـی وڵاتەکـەی پەیدا بـووە و هـەر بەنـەمانی داگیرکـەریش کێشـەکە چارەسـەر دەبێت، ئێستاکەش تازە ماڵئاواییمان لە سەدەی بیستەم کـردووە و پێمان ناوەتە سەدەی بیست و یەکەم و هەزارەی سێیەم، بـەکۆتایی هاتنی هـەزارەی دووەم مرۆڤایـەتی پێـی نایـە سـەدەیەکی نـوێ و خواحافیزی کرد لە سەدەی بیستەم، ئەو سەدەیەی کـە پڕبـوو لـە کارەسات و مەرگەساتی دڵ تەزێن، ئەو سـەدەیەی کـە پڕبـوو لـە فرمێسك و خوێن، ئەو سەدەیەی کـە پڕ بـوو لـە داگـیرکردن و

دەست بەسەرداگرتن و پێشێل کردن و زەوت کردنی مافی مرۆڤ، ئەو سەدەیەی کە دوو جەنگی خویناوی گەورەی بەخۆوە بینی، ئەو سەدەیەی کەسێ کارەساتی دڕندانەی بەخۆوە بینی وەك کارەساتەکانی هیرۆشیما و ناکازاکی و هەڵەبجە. سەبارەت بە کورد سەدەی بیستەم سەدەی پارچە پارچە بوونی وڵاتەکەی بوو، سەدەی داگیر کردنی خاکەکەی بوو، سەد ساڵ لەتەمەنی مرۆڤایەتی تێپەڕی و گەلانی دونیا هەنگاوی خێراو گورجیان بەرەو پێشەوە نا، کەچی کورد هەر لە قاوغی خۆیدا دەخولێتەوە، زیاتر لە سەد ساڵی ڕەبەقە کورد لەشەڕ و پێکدادان و جەنگی خویناوی دایە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی، سەد ساڵی بێ کەم و زیادمان بەرێ کرد لە ماڵوێرانی و دەربەدەری و جەرگ سووتان وسەرما و برسێتی، ئێستاش خۆزگە دەخوازین سەدەی بیست و یەکەم سەدەی هاتنە دی خەونە ڕەنگاڵەییەکانی کورد بێ، سەدەی بەئاکام گەیشتنی کاروانی خەباتی کورد بێ، خۆزگە دەخوازین لەسەدەی بیست و یەکەمدا کێشەی کورد شان بەشانی کێشەی فەلەستین بەشێوەیەکی دیموکراسیانە یاخود لە

ڕێگای ڕیفراندۆمەوە چارەسەر بکرێت، ڕیفراندۆمەکەی تەیموری ڕۆژهەلاتی کە شێوازێکی دیموکراسی یانەی هاوچەرخ بوو، ئەگەر لە ولاتی ئێمەش پەیڕەو بکرێت ئەوا ڕەوتی مەسەلەکان و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵیاندا دەگۆڕێ و وا دەکات ولاتە زلهێزەکانیش سەبارەت بە کێشەکەمان جۆرە هەڵوێستێکی تریان هەبێت، هەروەها ئەوە نیشان ئەدات کە دەسەلاتداران ئەگەر بەشێوەیەکی هێمنانەو حەکیمانە بیر بکەنەوە ئەوا دەتوانن کێشە ئاڵۆزەکانیان بەئاسانی چارەسەر بکەن، کاتی خۆشی بەکێك لە بڕگەکانی پەیمانی سیڤەر ئەوە بوو کە ڕیفراندۆمێك لە کوردستان ئەنجام بدرێ کە ئاخۆ کوردەکان ولاتێکی سەربەخۆیان دەوێ یان حوکمێکی ئۆتۆنۆمی، بەلام زۆری نەبرد پەیمانی لۆزانی بەسەرداهات و کوردیان لە پرۆسەی دەنگدان بێ بەش کرد، ئێستاش دونیا گۆڕاوەو لە کوردستانی باشووردا هەلومەرجێکی تایبەتی لە ئارا دایە، کە دەتواندرێت ستراتیژیەتی بزووتنەوەی سیاسی کورد دیاری بکرێت، وەهەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یە جیاجیاکان هەڵوێستی ئیجابی لێوەربگرن و لە پێناوی

پاراستنیدا خەبات بکەن، ئەو ستراتیژەش بریتی یە لە دروشمی مافی بڕیاردانی چارەنووس کەلەقۆناغی ئێستاماندا خۆی لە فیدراڵی دەبینێتەوە، پێ داگرتن لەسەر ئەم دروشمە و کارکردن بۆ بەدیهێنانی دەبێ ئەرکی سەرشانی هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یەکانی کوردستان بێت، ئەو دروشمە بۆ قۆناغی ئێستامان و لەو هەل و مەرجە ناسکەدا زۆر پێویستە نەك تەنیا بۆ کوردستانی باشوور بەڵکو بۆ هەموو پارچەکانی تری کوردستان کە لەبەرنامەی سیاسی خۆیاندا جێگیری بکەن، کاتی ئەوە هاتووە کە وڵاتە کاربەدەستەکان بەڕاستی بیر لە کێشەی کورد بکەنەوەو چیتر کێشەی کورد وەکو بۆمبێکی تەوقیت کراو یان کارتێکی فشار هەر جارەو لەدژی وڵاتێك بەکاری نەهێنن، هەروەها کاتی ئەوەش هاتووە کە دەوڵەتە داگیرکەرەکان کێشەی کورد زۆر واقیع بینانەو دوور لە گری کوێرەی نەتەوە پەرستی و شۆڤێنی بیخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە و چارەسەرێکی بابەتیانەی بۆ بدۆزنەوە، ئەوەش دەوەستێتە سەر هەڵوێستی وڵاتە زلهێزەکان بەتایبەتی خۆرئاوا، چونکە تا ئێستا خۆرئاوا قەناعەتی بەبوونی

کیانێکی سەربەخۆ نیە بۆ کـورد، بـەلام دەشـێ ئـەو قەناعەتـە لـە سەدەی ئایندەو هـەزارەی سێهەم بگۆڕدرێـت، ولاتـانی خۆرئـاوا بەتایبەتی بەریتانیا ڕۆلێکی سـلبی و خـەراپیان هـەبوو لـە دابـەش کردن و پارچە پارچەبوونی کوردستان، جا گەر بیانەوێ ئەو ڕۆلـە سلبی یەیان قەرەبوو بکەنەوە باچارەسەرێکی بنـەڕەتی بـۆ کێشـەی کورد بدۆزنـەوە، تـا کوردیـش خـۆی لـە بەرەبـەیانێکی نـوێ و ژیانێکی سـەربەخۆ و ولاتێکـی ئـازاددا ببۆزێتـەوە، بـەلام ئێسـتا ناکرێ یان هێشتا کاتی ئـەوە نـەهاتووە دۆزی ڕەوای گەلەکـەمان بەدروست کردنی دەولەتێکی کوردی چارەسـەر بکـرێ، چونکـە ئەو هەنگاوە پێویستی بەگۆڕانکاریەکی بەرفراوانی ناوچەکە هەیـە، هەروەها دەولەتانی خاوەن بڕیاریش ئـەو جـۆرە چارەسـەر کردنـە قبول ناکەن بەلام ئەمڕۆ بێ یـان سـبەی دەبـێ کوردیـش بەئاواتـە دێرینەکـەی خـۆی بگـات کـە بریتی یـە لـە دروسـت کردنـی دەولەتێکی سەربەخۆی کوردسـتان، ئـەوەش پشـوویەکی درێـژی دەوێ چونکـە دەبـێ لـە ڕێگـای دەبـالۆگ و لێـك تێگەیشـتن باعەت بەولاتانی دەورو بەرو کۆمەلگەی نێودەولەتی بێنین، کـە

ئێمەش دەبێ کیانێکی سەربەخۆو دەوڵەتێکی سەربەخۆمان هەبێ، ئەوەی جێی داخە بۆ گەلی کورد ئەوەیە کەلەسەدەی بیستەمدا زیاتر لە (١٣٠) دەوڵەتی نەتەوەیی و نیشتیمانی دروست بوون، کەچی تا ئێستا گەلێکی زیاتر لە (٣٥) ملیۆن کەسی هێشتا ژێردەستەیەو نەیتوانیوە سود لەو گۆڕانکاریانە وەربگرێ کەبەسەر جیهاندا هاتن.

# دوا ووته

ئەم كوردستانە كەشتی یەكی سەرگەردانەو كەوتۆتە نێو گێژاوی ئایدۆلۆژیاكان، ئەمڕۆ ئایدۆلۆژیاو فكری قالب بەستوو گەلێ زۆر بووە و هەریەكەو بەبەرنامەو مێتۆدێكی تایبەتەوە هاتوونەتە مەیدان و لەیەك دیدەوە یان لەڕوانگەی یەك بەرنامەی سیاسی یەوە دەڕواننە كێشەكانی كۆمەڵ و چارەسەری بۆ دەدۆزنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دیاردەیە دیاردەیەكی شارستانییەو كەس بە زۆربوونیان ناڕەحەت نییە، چونكە فرە بیروبۆچوون سەبارەت بەدۆزێك یەكێكە لەخاسیەتەكانی كۆمەڵگای مەدەنی، بەلام ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە كە كورد ئەو سیفەتەی تێدایە كە ئامادەیە ببێتە چەك بەدەستی ئەو ئایدۆلۆژیایەی كەباوەڕی پێی هەیە، نەك ئەو ئایدۆلۆژیایە بكاتە چەكی دەستی خۆیو بۆبەرژەوەندی نەتەوەی خۆی و پاراستنی ناسنامەی خۆی بەكاری بێنێ، بوونی چەندان بەرنامەو بیروبۆچونی جیا جیا بۆ چارەسەر كردنی كێشەكان و دۆزینەوەی چارەسەرێكی بابەتیانە بۆ كێشەی

ڕەوای کورد، نیشانەی تێکشکاندنی بەستەلۆکی فکری یەو هەروەها نزیك بوونەوەیە لە باوەڕ بەخۆ بوون و چەکەرە بوونی عەقلی کراوە، بۆیە پێویستە بەهەموو وزەو توانامانەوە پەرە بەم فرە بیروبۆچونە بدەین و بۆیەکانی بەنێو خەلکدا بلاوبکەینەوە، تاکو لەسایەیدا هەست بەتام و لەزەتی ئازادیو پێشکەوتنی شارستانی بکەین، چونکە سەرهەلدان و پەرەسەندنی یەك بیرو بۆچوون وەك هێزێکی زالبوو لەنێو خەلکدا دەبێتە هۆکارێکی سەلبی و خەتەرناك بۆ چەواشەکردن و شێواندنی ستراتیژی نەتەوەییمان، بێگومان ئەمڕۆ خەلکی کوردستان بەتافی کردنەوەیەکی گرنگ و مێژوویدا تێدەپەڕێو دەرگای دیالۆگ و موجادەلەی سیاسی لەبەردەمدا کراوەتەوە، بۆیە پێویستە بەسنگێکی فراوانەوە هەنگاو باوێ و ژیرانە مامەلە لەگەل گۆڕانکاریەکاندا بکات، قۆناغی ئێستای بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتیمان پێویستی بە ستراتیژێکی ڕون و ئاشکرا هەیە، لەم قۆناغەدا کێشەی سەرەکی گەلی کورد نەبوونی ئازادی نەتەوایەتی یە، پێشێل کردنی مافی بریاردانی چارەنووسی خۆیەتی بەدەستی خۆی، واتا زەوت کردنی ئیرادەیەتی

له ژیاندا، جا پێویسته لەسەر کورد هەوڵ بدات و تێکۆشێ بۆ بەرجەسته کردنی ئیرادەی خۆی بۆئەوەی ببێته خاوەنی خۆی، واتا بڕیاری خۆی بەدەستی خۆی بێت و هەر خۆی مافی بڕیاردانی هەبێت سەبارەت بەچارەنوسی خۆی، ئەوەش ئەو کاته دەبێت که هەموو وزەو تواناکان یەك بخرێن و چیتر ئەم وزەو توانایانه لەدژی یەك بەکار نەهێنرێن‌و ڕەنج بەخەسار نەبێن، بۆیه ئێستا له هەموو کاتێك زیاتر پێویستمان به دیالۆگێکه هەموو بیرو بۆچوونەکانو هەموو حیزبه سیاسی یەکانو هەموو ڕەوته سیاسی یەکان بگرێتەوه، پێویسته یەك هەڵوێست‌و یەك تێڕوانینمان هەبێت سەبارەت به ئایندەی گەلەکەمان، با ئێمەش وەکو گەلانی پێشکەوتوو خواز لەخەمی ئاسایشی خۆماندا بین، وەهەموو وزەو تواناکانمان یەك بخەین بۆ پاراستنی ناسنامەی کوردمان و بەدی هێنانی قەوارەیەکی سیاسی بۆ گەلەکەمان، کاتی ئەوە هاتووه ئیتیمای نیشتیمانیمان هەبێت و چیتر له پەنجەره بچوکەکانەوه تەماشای ئاسۆی دوارۆژ نەکەین، مەبەستم ئەوەیه که چەند بۆ بەرجەستەکردنی حیزب کاردەکەین با دەئەوەندەش بۆپاراستنی

ئاسایشی نەتەوەیی و سەروەری وڵات کار بکەین، گومانیش لەوەدا نی یە کە بەبازووی هەموان دەتوانین ئاڵای ئازادی ڕابگرین، با لەڕوانگەی نیشتیمانی یەوە سەیری مەسەلەکان بکەین و مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، بۆئەوەی هیچ لایەنێك بەتاقی تەنیا خۆی بەبەرپرس نەزانێ لە چارەنووسی ئەم گەلەو ئەوانی تر بخاتە پەراوێزەوە، چونکە ئێمانەوێ نەمانەوێ ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین کە سیستەمی فرە حیزبی تێدا پەیڕەو دەکرێ، وهەموو حزبەکانیش هەڵقووڵاوی ئاخ و هەناوی ئەم گەلەن ، لەدایك بووی ئێش و ئازاری ئەم گەلە ستەم دیدەیەن، پەیدا بوونی چەندان حیزب وگرووپی جیاجیا لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا کە ئامانجی هەموویان پاراستنی ناسنامەی کوردە دیاردەیەکی شارستانی و ڕەنگ دانەوەی پرۆسەی دیموکراسی یە، پرۆسەی دیموکراتیش ئایندەیەکی ڕوونی نابێت ئەگەر یاسا بەرقەرار نەبێ و دادگەری کۆمەڵایەتی دینگەکانی دانەڕێژرێت، بوونی حیزبی ئیسلامیش لەم پرۆسەیەدا وزەیەکەو تکوڵی لە بوونی ناکرێت، با ئەم وزەیەش بخرێتە سەر وزەکانی تر، ڕێڕەوو سروشتی پەرەسەندنی کۆمەڵگای

کوردەواری مۆرکێکی ئاینی وەرگرتووە، وەئاین بەشێوەیەکی ئەوتۆ رەگی لەنێو هەناوی کۆمەڵگای کوردی داکوتاوە کەوەك هێزێکی بالادەست بەسەر ژیانی سیاسی و ئابوریدا زاڵ بووە، ئاین هەوڵێ کۆششێکی زۆری داوە بۆ چەسپاندن و پەرەپێدان و بەرەوپێش بردنی ژیانی مرۆڤایەتی و چەسپاندنی دادگەری کۆمەلایەتی لە هەموو شوێنێکدا، بۆیە دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی دەرکەوتنێکی کتوپڕ نی یە، بەڵکو ڕابردوویەکی دووررو درێژی هەیەو مێژوو شاهیدە کەلەچەندین قۆناغی جیا جیادا فەرمانڕەوایی بەدەستەوە بووە، وەلەکاتی فەرمانڕەوایەکەشیدا کامەرانی و بەختیاری بەسەر گەلاندا باراندووە، دەرکەوتن و پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسی شتێکی سروشتی یە، بەلام ڕۆژئاوا دەیەوێ تار و ناتۆرەی خراپی پێوە بلکێنێ، راستە لێرەو لەوێو لە هەندێ شوێنی جیاجیا دا هەندێ گرووپی توند ڕەو هەن ناسنامەی ئیسلامیان هەڵگرتووەو پیشەیان ئاژاوە نانەوەو ناڕەحەت کردنی خەڵکە، بەلام ئەوانە دەستێکی دەرەکی دەیانجولێنێ و ئاراستەیان دەکات مەبەستیشیان ناشیرین کردنی ئیسلامە لە بەرچاوی

خەڵك، چونكە ئیسلام وەكو ئاسمانی پاكو بێگەرد پەڵە هەورێكی ڕەشی پێوە بێت دیارە، یان وەكو پەڕۆیەكی سپی خاڵێكی ڕەشی پێوە بێ لە دوورەوە دیارە، جا پێویستە لە سەر كورد چ وەكو حیزبە سیاسی یەكان چ وەكو خەڵكە ئاسایی یەكەی ڕەش و سپی تێكەڵی یەكتر نەكەن، وە تۆمەتی تیرۆرو تیرۆریستی نەدەنە پاڵ هەموو كەس، چونكە كورد لە هەموو میللەتان زیاتر ستەم و ئازاری تۆمەت خستنە پاڵی دیوە، هەروەكو داگیركەرانی كوردستان بە تایبەتی حكومەتە یەك لە دوای یەكەكانی عێراق هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەكانی كوردیان بە ئیرهاب لە قەڵەم داوە، وە چالاكی پێشمەرگەیان بە كاری تیرۆر لە قەڵەم دەدا، بەڵام ئەم سیاسەتە یان فەشەلی هێناو كوردیش ئیسپاتی كردكەواگەلێكی ئازادیخوازن وداوای مافی ڕاستەقینەی خۆیان دەكەن ، ڕەوتە ئیسلامی یە ڕاستەقینەكان لەسەر بنەمایەكی فكری دامەزراون خاوەنی پەیامی سیاسی خۆیانن، ئامانجیان بریتی یە لە زیندوو كردنەوەو ڕاست كردنەوەی ڕەنسیە شێوەكانی ئیسلام، ئیسلامی یەكان هەوڵ دەدەن بۆ دامەزراندنی كۆمەڵگایەكی

مەدەنیو بەرجەستە کردنی بنەماکانی دادگەری کۆمەلایەتیو بەیەکسانی تەماشاکردنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ. بێگومان کاری خزمەتگوزاریو بەرنامەی سیاسی هەر حیزبێك چاكو خەرابی یاخود رەسەنایەتی ئەو حیزبە دەردەخات، ئەمڕۆ گەلی کوردستان بەتاقی کردنەوەیەکی گرنگو چارەنووس سازدا تێدەپەڕێتو کێشەکەی لەبەردەم تاقی کردنەوەیەکی گەورەدایە، هێشتا دەیان تونێلو کۆسپی گەورەی لەبەردەم دایە، بۆیە پێویستە وریا بینو ژیرانە هەنگاو بنێین، ئەوەی ئەمڕۆ بەلای خەڵکی کوردستانەوە گرنگەو لە خزمەتی خودی حیزبە سیاسیەکانیش دایە، پاراستنی ئەم ئەزموونەو بەرەوپێش بردنیەتی، ئەوەش تەنها بەبەهێز کردنو فراوان کردنی بەرەی ناوخۆ دەبێ، بێگومان ئەگەر سەنگەری ناوخۆمان شلوخاو بێ ئەو کاتە چارەنووسمان باش نابێ، چونکە داگیرکرانی کوردستان سوود لە ناکۆکی میللەتەکەمان دەبینن و هەزاران بیانوو دێننەوە تاکو شەرعیەت بدەنە ئەو داگیرکردنەیان، یاخود سەرو سامانی گەلو ولاتمان بۆخۆیان حەلاڵ بکەن، لەکۆتایی دا دەڵێم با هەموومان یەکگرین و کەمرکوڕی و

هەڵەی خۆمان بەدەستی خۆمان ڕاست بکەینەوەو چیتر چاوەڕێی دەستی نامۆ نەبین هەڵەکانمان بۆ ڕاست بکاتەوە، باهەموومان لەسەر یەك شەقامە ڕێ کۆ ببینەوە کە بەرەو یەك ئامانج دەمانبات ئەویش گەیشتنە بەمافی ڕاستەقینەمان، با ئەو حەقیقەتەش بزانین کە گورگ زەفەر بەو مێگەلە دەبات کەوا لێك دابڕابێ، هەروەك پێغەمبەر(ع) دەفەرموێ (گورگ ئەو مەڕە دەخوات کەوا لەمێگەل دابڕابێ) .

## بۆ هەندێک زانیاری پێویست

## سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە

١- كيسنجير وادارة الصراع الدولى. امين هويدى.

٢- الانقلاب العثمانى. مصطفى خورالى ١٩٧٨.

٣- سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق و ئێران. ئیدوارد دژیریژیان وەرگێرانی گۆڤاری ڕوانگەی جیهانی ١٩٩٤.

٤- رسالة العراق. العدد ٤٨ مجيد فضة

٥- مجلة الكاتب. العدد ٧٧ نبيل زكي

٧- المياه واوراق اللعبة السياسية في الشرق الاوسط.

٨- صراع الافكار في المجتمع الاسلامى. الدكتور محسن عبدالحميد.

٩- ازمه الفكر الاسلامى في العصر العولمة. د.احمد البغدادى

١٠- المؤسسة الدينية والعولمة. د.تهامى عبدولى مجلة النهج العدد ٢٩

١١- مجله الحصاد العدد ١ نزار ئاغرى

١٢- العولمة والثقافة قراء في افكار عامة. باقر سليمان مجلة النهج العدد ١٤.

١٣- مجلة العربي. العدد ١٤٦.

١٤- الازمة العالمية في البترول. عمر مكاوي

١٥- حوار الايديولوجيات. كريم مروة ١٩٩٧.

١٦-الاشتراكية والنزعة الانسانية. سيرغي بوبوف ترجمة نزار عبود

١٧- الموقف الثقافي. العدد ١٨ فوزية صابر

١٨- افاق عربية. العدد ١١ هارولد سوندرز

١٩- حذار من الصهيونية. يوري ايفانوف ترجمة محمد كامل عارف ١٩٦٩.

٢٠- الوجودية وواجهات الصهيونية. الدكتور محسن عبدالحميد ١٩٧٧.

٢١- حوار الثقافات و صراعها. د.خلدون حسن النقيب.

١٢- الكورد وكردستان في وثايق البريتانية. وليد حمدي

٢٣- رێگای کوردستان. ژماره ٣١٤ م گوران



نەجات ئەسپیندارەیی

ئەمریکا وەکو زلهێزێکی بە هەیبەت و زەبەلاح ئێستا
بۆتە ئەو دەسەڵاتە کاریزمایەی کە هەموو ئیرادەیەک
لەبەردەمیا سفر دەبێتەوە، ئەمریکا لە ڕێگای
چەمکەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و سیستەمی
نوێی جیهان و مافی کەمینەکان و هەندێ چەمکی تر
توانیویەتی کلتور و فەرهەنگی خۆی بەسەر جیهاندا
بسەپێنێت، هۆیەکەشی ئەوەیە کە زلهێزێکی جیهان
هەرەسی هێنا و ڕێگا خۆش بوو بۆ ڕکابەرەکەی کە ببێتە
سەرداری جیهان و بە ئارەزووی خۆی دەست لە کاروباری
گەلان وەربدات و بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی
مامەڵەیان لەگەڵ دا بکات.